دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٦٤٥، سێ شەممە، ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٣، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## نامەی مستەفا هیجری بۆ سەرکۆماری فەرانسە سەبارەت بە کردەوەی تیرۆریستیی پاریس

بەڕێز سەرکۆمار

لەم کاتە ماتەمبارییەدا کە دوژمنانی پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتی، بە کردەوە تیرۆریستییەکانیان بەدژی ڕۆژنامەی شارلی ئێبدۆ، وڵاتی فەڕانســـە، لانکی ئازادی و بایەخە دێمۆکراتیکەکانیان کردە ئامانج، بەناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتانی ئێران و بەناوی خۆمەوە، سەرخۆشـــی لە ئێوە و لە ڕێگەی ئێوەشـــەوە سەرخۆشـــی بە ســـەرجەم خەڵکی فەرانسە دەڵێم کە هەردەم دۆست و پشتیوانی گەلی کورد بوون کە خۆی قوربانیی تیرۆریزم لە ناوچەکە و بەتایبەت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا بووە. ئێمە بە توندی ئەم کردەوە تیرۆریستییە مەحکووم دەکەین و ڕێز لە یاد و ناوی ئەو گیان بەختکردوانە، وەك داکۆکیکارانی ڕاستەقینەی ئازادی و بایەخە دێمۆکراتیکەکان دەگرین.

لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەت

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستان، ٨ی ژانویەی ٢٠١٥ی زایینی



مستەفا هێجری لە وتووێژ لەگەڵ تیشک تیڤی دا...

٤



لەسێدارەدان، دیاریی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ منداڵان

٦



پێشمەرگە ناوێکە هەرگیز خەوشدار نابێت

٧



کۆماری کوردستان

٩

# ژاری ڕەشماری نوفل لو شاتۆ لە دەمارەکانی جیهاندا



هەواڵە جیـــاوازەکان لە چوارگۆشـــەی جیهـــان دەرخـــەری چالاکبوونـــەوەی کۆمـــاری ئیســـلامیی لە بـــواری کردەوە تیرۆریستییەکاندایە.

ڕۆژنامەی «بۆینێـــس ئایرس هارلد» ڕۆژی یەکشـــەممە ١٩ی ژانویە هاوبەری ٢٩ی بەرفرانبـــار لـــە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کـــردەوە کە تەرمـــی ئالبێرتۆ نایســـمەن، ســـەردۆزگەری تایبەتیـــی بە دۆســـیەی «ئامیا»(ناوەندی جوولەکەکان لە بۆینێس ئایرێـــس) لە ماڵەکەیـــدا دۆزراوەتەوە. ئەو بڕیار بوو ڕۆژی دووشـــەممە ١٩ی ژانویە لـــە پارلەمانی ئەو وڵاتـــەدا ئامادە بێت و ســـەبارەت بەو تۆمەتانەی کە هێنابوویەوە ئاراوە، ڕوونکردنەوە بدات.

بـــە گوتـــەی «ئێشـــپیگڵ ئانلاین»، تەرمـــی ئالبێرتۆ نایســـمەن لـــە نێو وانی حەمامی ماڵەکەیدا دۆرزاوەتەوە و لەســـەر جەســـتەی ئاســـەواری فیشـــەك دیارە. لـــە ڕەوتـــی بۆمبدانانێکدا لـــە ناوەندی جوولەکـــەکان (ئامیا) ٨٥ کـــەس کوژران و ٣٠٠ کەســـی دیکـــەش برینـــدار بوون. ئالبێرتۆ نایسمەن لە دادنامەیەکدا کە ساڵی ٢٠١٣ خستبوویە ڕوو، تۆڕە زانیارییەکانی کۆماری ئیســـلامیی کە لـــە ئەمریکای باشووردا چالاکن، بە بەرپرسیاری ئەم هێرشە زانیبوو.

بە گوتەی «ئێشپیگڵ ئانلاین»، ناوبراو هەروەها ناوی ژمارەیەك لە سیما ناسراوەکانی کۆمـــاری ئیســـلامی لـــە دادنامەکەیدا هێنابوو، وەك موحســـین ڕەبانی، باڵوێزی فەرهەنگی پێشووی ئێران لە ئەرجەنتین کە بە گوتەی نایسمەن، بەرپرسی، پێکهێنانی تۆڕی سیخوڕی و زانیاریی لە ئەمریکای باشـــوور»ی لە ئەســـتۆ بووەوە. موحسین ڕەزایی، عەلی ئەکبـــەر ویلایەتی، عەلی ئەکبەر هاشـــمی ڕەفســـەنجانی، ئەحمەد وەحیـــدی، عەلـــی فەلاحیـــان و هـــادی سولێمانپوور لەو کەسانەی دیکەن کە ناویان لە دادنامەکەی ئالبێرتۆ نایســـمەن بەرچاو دەکەوێ.

ناوبـــراو ســـەرۆك کۆماری ئیســـتا و هەروەها کارلۆس مێنم، ســـەرۆك کۆماری پێشووی ئەرجەنتینی تۆمەتبار کردبوو کە بۆ ئەوەیکە پێوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەرەو ئاڵۆزی نەڕوات، لـــە ڕەوتی بەدواداچوون بۆ ئەم دۆســـیە و ڕوونبوونـــەوەی لایەنەکانی کارشـــکێنیان کردووە و پێشیان پێ گرتووە.

هەروەها بە پێـــی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی فەرانســـە، ئەحمەد بێن موبارەك، ســـەرۆك دەفتەری سەرۆك کۆماری یەمەن لە لایەن گرووپی ئەنسارۆڵلا سەر بە ڕێژیمی ئێران ڕفێنراوە. لە سووریەشدا هەواڵەکان باس لە کوژرانی ١٦ کەس کە لانیکەم ٦ کەسیان ئەندامی سوپاری پاسداران بوون دەکەن کە لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی ئیسراییل بۆ ســـەر کاروانی ســـەربازیی حیزبۆڵڵا و سپای پاسدران کوژراون.

هەنـــدێ لـــە ماڵپـــەڕە پارێـــزکارەکان ڕایانگەیاندووە کـــە ئەندامانی حیزبوڵڵا و سوپای پاسداران بە مەبەستی دامەزراندنی ســـەکۆیەکی مووشـــەکی بـــۆ ناوچەی «قەنیترە» ڕۆیشتبوون کە لەگەڵ هێرشی مووشەکی ئیسراییل بەرەوڕوو بوونەوە.

لەم چەن ڕۆژەی دواییدا هەندێ لە کۆڕ و کۆمەڵەکانـــی نزیك لە ڕێبەری کۆماری ئیســـلامی بە شێوەی ئاشـــکرا و زارەکی پاڵپشـــتییان لە کردەوە تیرۆریســـتیەکەی پاریس کردبوو.

## پەیڤ

سەلام ئیسماعیلپوور

ڕووداوی تیرۆریســـتیی کوشتار لە ئۆفیســـی گۆڤاری شارلی هیبدۆی پاریس و ڕووداوەکانی دوو ڕۆژ دواتری کە سەرانســـەری ئورووپای هەژاند و جیهانی تووشی سەرسووڕمان کرد، بۆ جارێکی دیکە پێداگری لەسەر خەبات دژ بە تیرۆریزم و بناژۆخوازیی وەکوو پێویستییەکی ئەم ســـەردەمە هێنایە گۆڕێ.

ئورووپایەك کە هێشـــتا لە شۆکی ئەم زنجیرە تیرۆرانە و ئاکامەکانیدایە و وەکـــوو «١١ی ســـێپتامبری فەرانســـە» باســـی لێ دەکات، بە هیچ شـــێوەیەك جیاواز لە ئورووپایەك نیە کـــە لەمێژە بە نـــاوی پێوەندیی سیاســـی و ئابـــووری و سیاســـەتی وەرگرتنی کۆچبەرانەوە، ساتوســـەودا لەگـــەڵ تیرۆریـــزم و بناژۆخوازیی کردۆتە پیشـــەیەکی ئاســـایی و بەو پەڕی کەمتەرخەمییـــەوە پێی وابووە کە دەبێ ئەم چەشـــنە ڕووداوانە تەنیا لە چوارچێوەی ڕووداوێکی ئاســـاییدا هەڵســـەنگاندنیان بـــۆ بکرێت، هەر بۆیە لە ڕەچەڵەکناســـیی ڕاستەقینە و گـــەڕان بە دوای ئاخێزگەکانی ئەم ڕووداوانە و تێگەیشـــتن لە مەترسیە ڕاســـتەقینەکانیان خۆی بـــواردووە. ئەو کاتـــەی کە خومەینـــی لە ژێر دارسێوێکدا لە نووفل لووشاتۆی پاریس وەکوو کارگێکی ژەهراوی هەڵتۆقی و کۆمەڵگای سیاســـی و ڕووناکبیریی ڕۆژئاوا وەکوو «ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح» باسیان دەکرد و ڕوخساریان لە مانگدا دەدیتەوە، هەرگیز نەیاندەزانی ئێســـتا کە لـــە ســـێبەری کۆماری پێنجەمی فەرانســـەدا، دێوێکیان لە کراســـی فریشـــتەدا ڕازاندۆتـــەوە و مەسیحی درۆیینی تەیار بە گۆچانی مووســـا و عابای ئیبراهیمیان لە نێو چرا جادووییەکە دەرهێناوە، نەزانکارانە یان بە ئەنقەســـت ڕەشمارێکی سڕی ژێر بەستەڵەکیان لە بەر تیشکی هەتاو گەرم کردۆتەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا تەنیا هەڵلووشینی هەموو جیهان تێری دەکات و بـــەم زوانە پەلاماری خۆیان دەدات. کاتێك کە مەسیحی خەیاڵیی ڕووناکبیرانی وەك میشـــل فۆکۆ لە مینبەری جەمارانەوە هەڕەشـــەی لە دنیای پێشکەوتوو دەکرد کە: «ئەگەر هەڕەشـــە لە ئایینمان بکەن، هەڕەشە لـــە هەمـــوو دنیاتان دەکەیـــن» ئەم هۆشـــدارییەی بە جیددی وەرنەگیرا، تەنانەت فتوای کوشـــتنی ســـەلمان ڕوشـــدی پەرچەکردارێکی ئەوتۆی لە لایـــەن ڕۆژئاواوە لـــێ نەکەوتەوە و لـــەوە خافـــڵ بوون کـــە قامکی هەڕەشـــەی ڕوحوڵـــڵا خومەینی لە سەر پەلەپیتکەی چەکێکە کە ڕووی کردۆتە هەموو دنیایان واتە ئەمنیەت و ئازادی و ســـەروەریی وڵاتەکانیان. هـــەر لەم وڵاتـــی فەرانســـەیەدا کە لانکـــەی دێموکراســـیی ڕۆژئاوایە،

درێژەی لە لاپەڕە ٢

## یەکیەتی ئوورووپا لە دووی ڕێگەچارەیەک بۆ خەبات دژی تیرۆریسمە

وەزیرانی کاروبـــاری دەرەوەی ٢٨ وڵاتی یەکیەتی ئۆرووپا ڕۆژی دووشـــەممە لە بروکســـێل، پێتەختی وڵاتـــی بێلژیك لە دەور یـــەك کۆبوونەوە تا بۆ خەبات دژی تیرۆریسم گەڵاڵەیەکی توکمە ئامادە بکەن.

بـــە پێی ڕاپۆرتـــی دۆیچەوێلە لەم دانیشـــتنەدا، بەشـــداربووان بۆ یەکەمجار لە ژێـــر کونترۆڵی هێزە ئەمنییەکان چوونە نێو ســـاڵۆنی بنکـــەی یەکیەتی ئورووپاوە.

لە ڕۆژی شـــەممەوە یەکە تایبەتییەکانی ســـوپای بێلژیـــك ئەرکی کونترۆڵی زۆربەی باڵاخانەکانی وەك باڵاخانەکانی ســـەر بە یەکیەتی ئۆرووپا کە شیمانەی ئەوە دەکرێت هێرشـــی تیرۆریســـتییان بکرێتە سەر، وە ئەستۆ گرتووە.

فێدریـــکا مۆگرینێنی، هاوئاهەنگکەری سیاســـتە دەرکییەکانـــی یەکیەتی ئۆرووپا ڕۆژی دوو شـــەممە ١٩ی ژانویە ڕایگەیاند کە یەکیەتی ئۆرووپا ســـوورە لەســـەر ئەوەیکە لەگەڵ تورکیە و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی لە بورای خەبات دژی تیرۆریسم هاوکارییەکی هەمەلایەنەیان هەبێت. ئەو لەم پێوەندییەدا باســـی لە وڵاتانی وەك میســـر، یەمـــەن، ئەلجەزایر و وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس کرد.

مۆگرینێنی وتـــی یەکیەتی ئۆرووپـــا و یەکیەتی عەرەب لـــە چوارچێـــوەی خەبات دژی تیرۆریســـم بەڵگەیەکی هاوکارییان واژۆ کردووە.

ئێـــوارەی پێنجشـــەممە ٢٥ی بەفرانبـــار لـــە ئۆپراســـیۆنێکی دژە تیرۆریستیدا لە بێلژیك دوو کەس لە ئیســـلامگەرایانی توندئاژۆ کوژران و ژمارەیەکیش دەسبەسەر کران. سەردۆزگەری بێلژیك ڕایگەیاند کە ژمارەیەك لەم کەسانە ماوەیەك پێش ئێستا لە سووریەوە گەڕابوونەوە بۆ بێلژیك.

## سەنای ئەمریکا بۆ گەمارۆ یان دەنگدان لەسەر ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ ئێراندا هەوڵ دەدا

سەناتۆر لیندســـی گراهام دەڵێ ئەگەر ئۆباما قبووڵی کات کە هەر چەشـــنە ڕێککەوتنێ لەگەڵ ئێرانـــدا دەســـپێرێتە دەنگدانی نوێنەرانی ســـەنا، هەوڵەکانی خۆیـــان بۆ پەســـەند کردنی گەمارۆ نوێیەکان ڕادەگرن.

سەناتۆرە ئەمریکییەکان هەوڵێکی نوێیان دەست پێکردووە تا هەندێ گەمارۆی دیکە بۆ سەر ئێران کە ســـەرۆك کۆماری ئەو وڵاتـــە نەتوانێ ڤێتۆی بکات، پەســـەند بکەن، یان ئەوەیکە هەر چەشـــنە ڕێککەوتنێ لەگەڵ ئێراندا لە ڕێگەی پەســـەندی نوێنەرانی سەناوە ڕەوایی بگرێتە خۆی.

هەواڵنێریی ئاسۆشەیتێدپرێس لە زاری یەکێك لە ڕاوێژکارانی ئۆباماوە ڕایگەیاندووە کە وەها شتێك تەداخول لە دەسەڵاتی سەرۆك کۆماردایە.

گەڵاڵەی گەمـــارۆ نووێیەکانی ئێران لە لایەن ســـەناتۆر ڕابێرت مێنـــدز (دێموکـــرات) و مارك کرێـــك (کۆماریخـــواز) هاتووەتە ئـــاراوە و بڕیارە ئەگەر تا ســـەرەتای مانگی ژووییـــە، ئێران مل نەدات بـــە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە، دژی ئیران پەسەندی بکەن. هەواڵنێریی فەرانسە ڕایگەیاندووە کە کۆمیتەی بانکیی ســـەنا بڕیـــارە ڕۆژی پێنج شـــەممەی ئەم حەوتووە سەبارەت بەم بابەتە باس و موناقیشە بکات.

ئەم گەڵاڵەیە لـــە کاتێکدا دێتە ئاراوە کە باراك ئۆباما، ڕۆژی هەینی ڕابردوو، هۆشداریی دابوو بە کۆنگرەی ئەو وڵاتە کە هەر چەشـــنە گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ توندتر کردنەوەی گەمارۆکانی ســـەر ئێران ڤێتۆ دەکات.

هەر بۆیە ســـەناتۆرەکان لە هەوڵـــی ئەوەدان تا گەڵاڵەیەك پەســـەند بکەن کە بتوانێ دەنگی دوو لەسەر سێی نوێنەرانی ســـەنای ئەمریکا بەدەست بێنێ و بەمجۆرە چیدیکە سەرۆك کۆماری ئەمریکا ناتوانێ ئەو گەڵاڵەیە ڤێتۆ بکات.

## چاوپێکەتنی نوێنەری حیزبی دێموکرات و نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی چەپی سوید

ڕێکەوتی ٢٤ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حەمید تەیمووری لە گەڵ ڕامین خوسرەوی بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەلومەرجی کوردستان چاویان بە نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی چەپی سوید، هانس لیندە لە پارلەمانی ئەو وڵاتە کەوت. حەمید تەیمووری سەرەتا باسی هەلومەرجی کوردستان، ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لێکدانەوکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر کێشە و گرفتەکانی ناوچە و بەتایبەتی لە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نانەوەی ئاژاوە لە وڵاتانی دەوروبەر، کوشتن و گرتنی چالاکوانانی مەدەنی و ئەشکەنجەدانی زیندانیان کە لە ژینگەیەکی زۆر خراپدا ژیان تێپەڕ دەکەن و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی زیندان و ئیتلاعات لە گەڵ زیندانییان کرد. هانس وتی حیزبی چەپ لە گەڵ بۆچوون و بیروباوەڕی ئێوە دان و هیوادارین کورد لە خەباتی دا سەرکەوتن بەدەست بێنی، زۆر بە باشی دەزانین کە ئێران لە ناوچەکەدا خەریکی ئاژاوەگێڕییە و بە هەموو شێوەیەك تێدەکۆشی خەڵك بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیەوە. لە درێژەدا هەر دوو لایەن جەختیان لەسەر پەیوەنییەکانیان کردەوە.

## سێمیناری پرسی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لە سوید بەڕێوە چوو

ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، سێمینارێك سەبارەت بە پرسی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لە سوید بەڕێوەچوو. لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا دوکتور خالید خەیاتی ماموٚستای زانستەسیاسییەکان باسێکی لە سەر پرسی «دیپلۆماسی» پێشکەش کرد و لە درێژەی باسەکەیدا دیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خەسارناسی کرد. پاشان دوکتور ئیدریس ئەحمەدی ماموٚستای زانستەسیاسییەکان لە زانکۆی ستۆکهۆڵم ، باسێکی لە سەر ئەو لایەنانەی کە لە تورکیە، ئێران و کوردستان ڕۆڵیان لەسەر پێوەندیی دیپلۆماسی هەیە، پێشکەش کرد. هەر وەها بەڕێز ئازاد غەریب نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان، هەندێك نموونەی واقیعی لە سەر دوو بەرەکی بوونی حکوومەتی هەرێم هێنایەوەو ئەو مەسەلەیەی وەکوو خاڵێکی نەرێنی لە سەر پێوەندیی حکوومەتی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ وەسف کرد. دوایین بەشی سێمینارەکە بە پرسیار و وەڵام دانەوە کۆتایی پێهات.

### درێژەی سەروتار

مرۆڤکوژانی نێردراوی خەڵخاڵی «شەهریار شەفیق»یان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و تیرۆریان کرد و دەنگی ناڕازیبوون لە کەس بەرز نەبووەوە. چەند ساڵێك دواتر و هەر لە پاریس، قەسابەکانی تاران شاپوور بەختیاریان تیرۆر کرد و ماوەیەك دواتر عەلی وەکیلی ڕاد، بکوژی بەختیار سەرکەوتوانە و بە ئاسوودەییەوە هەروەك ئیمامەکەی لە ڕێگای هێڵی ئاسمانیی پاریس ـ تارانەوە گەڕایەوە بۆ باوەشی هێلانەی تیرۆریزم و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم وەك دیپلۆماتێکی قارەمان پێشوازییان لێ کرد تا ئەویش وەك ئەنیس نەقاش، یووسف ئەمین، عەباس ڕاحل، کازم دارابی، سەحرارۆودی و زۆر کەسی دیکە لە مرۆڤکوژانی ئیسلامی لە بەرهەمەکانی پێکەوەسازانی نگریسی دێموکراسی و تیرۆریزم کەڵك وەربگرێت. لە ڕوانگەی زۆرێك لە ئێمە کوردەکانەوە کە دوو ڕێبەری مەزنی لە خوێندا شەلاڵمان لە پێرلاشێزی پاریس و زۆرێك لە خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاریمان بە هۆی ساتوسەودای ڕۆژئاوا لەگەڵ تیرۆریزمی حکوومەتی و بناژۆخوازیی پەرەوەردەکراوی ئورووپا و پاریس لە دەست داوە و چیرۆکی هەژێنەری ئیسکۆرتی دیپلۆماتیکی تیرۆریستەکانمان بەرەو تاران لە ناخی دڵەوە هەست پێ کردووە، کوشتاری شارلی هیبدۆ کەمترین دەرئەنجام و بگرە تەنیا لووتکەی شاخی سەهۆڵی کارەساتێکە کە ئورووپای سەر لە ژێر بەفر کردووی گیرۆدەی بەرژەوەندییە تەسکە ئابوورییەکان دەبێ چاوەڕوانی بکات. ئورووپایەك کە بەستێنی دێموکراسیی خۆی کردۆتە بەهەشتی تیرۆریستەکان و فەرشی سووری ژێرپێی بناژۆخوازەکان، بێ گومان دەبێ بزانێت کە ئەگەر لەم خەوە ڕانەچڵەکێت، مەسەلەکە تەنیا بە گوتن و نووسینی «من شارلیم» و هەڵگیرساندنی مۆمێك و ڕشتنی فرمێسکێك کۆتایی نایەت.

هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی تاران بەرانبەر بەم بابەتە دەری خست کە دەسەڵاتدارانی تاران سەرەڕای مەحکوومکردنی ڕواڵەتیی ئەم تاوانە، بەردەوام ئەوەشیان وە بیر هێناوەتەوە کە ڕۆژئاوا ئەگەر خوازیاری پەرەسەندن و دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە نیە، دەبێ قبووڵ بکات کە قوربانیانی ئەم تیرۆرانە کردەوەیەکی تاوانکارانەیان ئەنجام داوە (و بەو پێیەش وەك نموونەکانی هاوشێوە، دەبێ خوێنیان بە حەڵاڵ دابنرێت) و نابێ بە بیانووی ئازادیی دەربڕین ڕێگا بدرێت هەر کەسێك هەر چییەك پێی خۆشە بیڵێت و بینووسێت! ئەگەر ئەمە لە تەنیشت تیتر و وتارەکانی ڕۆژنامەکانی وەك «یالیسارات» و «کەیهان» وەکوو دەمڕاستی بەیتی ڕێبەریی ڕێژیم و لایەنەکانی نزیك لە خامنەیی دابنێین، تێدەگەین کە ئێران لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا تەنیا وڵاتێکە کە حکوومەتەکەی هەوڵ دەدات گومان بخاتە سەر قیزەونبوونی ئەم عەمەلیاتە تیرۆریستییە و ڕاشکاوانە یان پەنانەکی وەکوو سزادانێکی شەرعی پاساوی بۆ بێنێتەوە. بەڵام هێشتا نیشانەیەك لەوە نابینرێت کە ڕۆژئاوا و فەرانسە لە ئاماژە شاراوەکانی نێو ئەم هەڵوێستە تێگەیشتبن و سەیر ئەوەیە کە ئورووپا و پاریس هەر لەم ڕۆژانەشدا میوانداری زنجیرە وتووێژە بێئاکامەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، سەرۆکی هەمان ئەو دەزگای دیپلۆماسییەن کە گرینگترین داهێنانی ناردنی تاقمە تیرۆریستییەکان بۆ دەرەوە بە کەڵکوەرگرتن لە پاسپۆرتی دیپلۆماتیك و کردنی باڵوێزخانەکان بە شوێنی حەوانەوە و ژووری عەمەلیاتیی تیرۆریستەکان بووە. ڕاگەیەنەکان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا هێشتا بە هەڵە دەیانهەوێ لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەرئەنجامە نگریسەکەی واتە بناژۆخوازی و تیرۆریزمی شاراوە لە نێو کراسی ئاییندا جیاوازی دابنێن. هەر بۆیە، لە سێبەری ئەم ساویلکەییەی ڕۆژئاوادا وادیارە کە کوشتاری پاریسیش بۆ ڕەواندنەوەی وەهمی گەشبینی بەرانبەر بە نەرمشی قارەمانانەی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی سیاسەتی نەرمئاژۆیانەی ڕۆژئاوا لە هەمبەر ئەو ڕێژیمەدا بەس نەبووە و هێشتا خومەینی گوتەنی دەبێ «خوێنی زیاتر بڕژێت و قەڵەمی زیاتر بشکێت» تاکوو وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەو خەونە کەروێشکەیە ڕاچڵەکێن و بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی بناژۆخوازانی ئیسلامی، لە جیاتی کردەوە کاتی و بێ ئاکامەکانیان دژ بە لقوپۆپەکانی تیرۆر، دەست بدەنە ڕەچەڵەکناسیی تیۆریك و وشکاندنی بە کردەوەی سەرچاوەکانی تیرۆر و بناژۆخوازی.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە پێدانی خەڵاتی شانازیی نەتەوەیی فەرانسە بە خاتوو سینەم بەدرخان بەشداریی کرد

«خوسرەو عەبدوڵڵاهی» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فەرانسە، لە ڕێورەسمی پێدانی نیشانی شانازیی نەتەوەیی فەرانسە بە سینەم بەدرخان کە لە شاری پاریس و لە ماڵی فرێدریك تیسۆ بەڕێوە چوو، بەشداریی کرد. دوکتور بێرنار کۆشنێر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەرانسە و دوکتورفرێدریك تیسۆ سەر کۆنسولی پێشووی فەرانسە لە هەرێمی کوردستان، لە لایەن دەوڵەتی فەرانسە ئەو ڕێورەسمەیان بەڕێوە برد. ڕێورەسمەکە بە پەیامێك لە لایەن فرێدریك تیسۆ لە سەر ژیان و چالاکییەکانی خاتوو سینەم و بنەماڵەی بەدرخان دەستی پێکرد. پاشان دوکتور کۆشنێر نیشانی شانازیی نەتەوەیی فەرانسەی بە ڕێزەوە بە خاتوو «سینەم بەدرخان» پێشکەش کرد. خاتوو سینەم بەدرخان، چەندین ساڵ ماموٚستای زمانی فەرانسوی لە دەرەوەی فەرانسە و لە وڵاتانی سووریە و عێراق بووە و باوك و مامەکانیشی خزمەتێکی گەورەیان بە زمانی فەرانسە کردوە. لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی کورد و فەرانسوی کە دۆستی ناوبراو بوون، وەك: دوکتور کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو، خاتوو پرۆفسۆر ژویس بلاو، ماموٚستای زمان و ئەدەبیاتی کورد، کریس کۆچرا، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و کوردناس، خاتوو ئێدیت کۆچرا ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و خاتوو فێردا خان لەو کەسایەتییانە بوون کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریان کردبوو.



## ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی پیشەیی ماموٚستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی مانگرتنی سەرتاسەریی ماموٚستایانی ئێران

هاونیشتمانیانی خۆشەویست، ماموٚستایان و قوتابیان!

هەر وەك ئاگادارن، ماموٚستایانی چالاك و هەڵسووڕی بواری پیشەیی پەروەردە و فێرکردن، بە مەبەستی دەستەبەربوونی ماف و داخوازییەکانیان و ناڕەزایەتی دەربڕین بەو دۆخە قەیراناوییەی کە پرسی پەروەردەی خستۆتە ژێر مەترسییەوە، داوایان لە سەرجەم ماموٚستایان و دەرسوێژانی وڵات کردووە کە ڕۆژەکانی ٣٠ی بەفرانبار و ١ی ڕێبەندان دەست بدەنە مانگرتنێکی سەرتاسەری و لە چوون بۆ سەر کلاسەکانی دەرس خۆ بپارێزن. ئەمرۆ بە هۆی نەبوونی عەداڵەت و بەرابەری لە کۆمەڵگای ئێراندا و قورخ کردنی کاکڵی ئابووری نەتەوەیی ئێران لە لایەن مافیاکانی سپای پاسدارانەوە، گوشارەکان بۆ سەر چینی هەژار و مام ناوەندی ڕوویان لە زیادبوون کردووە. لە لایەك قوتابیانی ئێمە هیچ بەهرەیەکی ئەوتۆ لە مافەکانی خوێندن وەرناگرن و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بڕە مووچەیەی کە ماموٚستایان وەریدەگرن، ناتوانێ وەڵامدەری بەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی و دابین کردنی خەرجەکانی ڕۆژانەیان بێ. جێبەجێ کردنی نیزامی یەکدەستی مووچەی تێکڕای کارمەندانی دەوڵەت، وەك ویستی ڕەوای ماموٚستایان زیاتر لە ٢ دەیەیە کە پێداگری لە سەر دەکرێ، بەڵام مخابن هەر جارەی لە ژێر ناوێکی فێڵاوی یان بە بیانوویەکی نوێ، داواکارانی ئەم مافە ڕەوایە تەفرە دەدەن و لە درێژەی کارەکانیان ساردیان دەکەنەوە.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

هەروەك دەزانن، بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی نێونەتەوەیی، دابەشکردنی ناعادڵانەی بوودجە و گەندەڵی میلیاردی دەست و پێوەندەکانیان ناتوانن سەرانەی قوتابخانەکان دابین بکەن، هەر بۆیە بە شێوازی جۆراوجۆر دەستی یارمەتی بۆ لای ئێوە درێژ دەکەن. یارمەتی ماڵی بە قوتابخانەی سیستمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە مانای یارمەتی دان بەو دەزگا سەرکوتکەرەیە کە گرووپە تێرۆریستەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی حەساندۆتەوە و ڕۆژ نیە گیانی ژمارەیەك لە ڕۆڵە خۆشەویست و مافخوازەکانمان بە پەتی سێدارەوە نەکا. دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی ئێران گەرچی بە ڕواڵەت بانگەشەی بە خۆڕایی بوونی پرسی خوێندن دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوازێکی نایاسایی و بە دوور لە پێوەرە ناوخۆیی و نێونەتەوییەکان قورسایی خەرجی خوێندنی خستۆتە سەر شانی بنەماڵەکان. نیزامی سەرەڕۆ و ستەمکاری هەنووکەیی ئێران بۆ ئەم مەبەستەش تاقمێك مودیر و کارمەندی بێ ئیرادەی ناوچەیی کردۆتە بەرپرسی کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و لە ڕێگەی ئەوانەوە هەوڵ دەدا ڕووی ڕاستەقینەی کردەوە چەوتەکانی بشارێتەوە.

ماموٚستایانی دادپەروەر و خۆڕاگر!

یەکیەتیی پیشەیی ماموٚستایانی کوردستانی ئێران، پشتیوانی خۆی لە هەموو مافە پیشەییەکانتان دەردەبڕێ کە هەندێکیان بریتین لە:

*یەکدست کردنی مووچەی تێکڕای کارمەندانی دەوڵەت

*سەرو سامان دان بە بارودۆخی نالەباری بیمەی دەرمانی

*هاوئاهەنگ کردنی مووچە سەبارەت بە نرخی ئاوسان

*پەرداختی مووچەی یەك مانگ مەرەخسی ساڵانە

*پێدانی مافی مووچەی نەوار مەرزی کە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەگرێتەوە

*لابردنی کەش و هەوای ئەمنیەتی لە قوتابخانەکان

*چاکسازی سیستمی نەخۆشی مودیریەت

*چاکسازی لە پرۆسەی خانەنشینی وەك باقی کارمەندانی دەوڵەت

*ڕخساندنی هەلی چالاکی پیشەیی بە مەبەستی دربڕینی بیروڕای جیاواز

*ڕێز گرتن لە کولتوور، زمان و ئایینی جیاواز

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

با نەهێڵین حکومەتی کۆماری سێدارە لەوە زیاتر مافەکانمان پێشێل بکا. ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان سنوورێك بۆ جینایەتەکانی بەرپرسانی ڕێژیم دیاری نەکەین، بە دڵنیایی، ئەوان هیچ سنوورێکیان بۆ زەوت کردنی سامانی مادی و مەعنەوی گەلی کورد بە دەستەوە نیە. ئامانجەکانی سیستمی ئیدیۆلۆژیکی ئاخوندە دنیا پەرەستەکان، جگە لەوەی کە ڕێگە بە گەشەی قوتابیان لە باری کولتوور، مێژوو، جۆگرافی و کۆمەڵایەتی نادەن، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی توانەوە و چەواشەکاریان دەدەن. لە ناوچە سوننی نشینەکان دام و دەزگاکانی ڕێژیم بۆ فریودانی بیروڕای گشتی، ئەگەرچی باسی نەبوونی جیاوازی لە نێوان شیعە و سوننی دێننە گۆڕێ، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ماموٚستایان و قوتابیانی سوننی مەزهەب هیچ مافێکی ئەوتۆیان نادرێتێ. نوێترین بەڵگەش ماموٚستا فەریدە بەهاری، ماموٚستای وەرزشی شاری بانەیە کە بە هۆی پایبەند نەبوون بە ویلایەتی فەقیه و باوەڕمەند بوون بە مەکتەبی قورئان لە سەر کارەکەی دەرکرا.

ماموٚستایان، قوتابیان، دایکان و باوکانی نیشتمان پەروەر!

ئێستا کە ماموٚستایانی خەمخۆر و دڵسۆزی بواری پەروەردە ،بڕیاری مانگرتنی سەرتاسەرییان داوە و بۆ ٢ ڕۆژ لە چوون بۆ سەر کلاسی دەرسی قوتابیان خۆ دەبوێرن، پێویستیان بە پشتگیری هەمەلایەنەی خەڵك و کۆمەڵگاکەی خۆیان هەیە. پشتیوانی کردن لە هەڵوێستی بوێرانەی ماموٚستایان، پشتیوانی کردنە لە ویست و داخوازی قوتابی و بنەماڵەکانیان، هەر بۆیە ماموٚستایان چاوەڕوانیان لە قوتابی و بنەماڵەکان هەیە لەو ڕۆژە هەستیارەدا پشتیان چۆڵ نەکەن و هاورێیان بن. ئێمە وەك یەکیەتیی پیشەی ماموٚستایانی کوردستانی ئێران، لە سەر ئەو باوەڕەین کە هۆکاری بنەڕەتی قەیرانەکان بۆ چەشنی بیرکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە. لە کۆتایی دا، ئێمە بە گشتیی دەمانهەوێ دەسەڵات ئاگادار بکەینەوە کە کەرەسەی خوێندن بۆ قوتابیان ومووچەی پێویست بۆ ماموٚستاکان دابین بکا. بە پێی ئەزموونی ڕابردوو ئەگەری ئەوەش دەکرێ کە نەحکومەت هەنگاوی پێویست بنێ و نەکێشەکانیش چارەسەر بکرێن. بەڵام ئێمەوەك یەکیەتیی پیشەیی ماموٚستایانی کوردستانی ئێران، بەهەست کردن بەئەرکی نیشتمانی وپیشەییمان، بانگەوازی یەکگرتوویی دەکەین و بە پشت بەستن بە ڕێکخستنی خەباتی پیشەیی و ڕێکخراوەیی، بەرەو پتەو کردنی بنەماکانی خەباتی مەدەنی هەنگاو دەنێین.

یەکیەتیی پیشەیی ماموٚستایانی کوردستانی ئێران

بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی

## بەرپرسی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووە

ڕێکەوتی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، لە سەر داوای فەرمیی «فەلاح مستەفا» بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی سوید، کۆبوونەوەیەك لە گەل حیزب و لایەنە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا شاندێکی کۆمیتەی سویدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی «ئەنوەر کاکایی» بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوید و هەروەها «حەمید تەیمووری» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە سوید و «محەممەد ئەحمەدی» بەرپرسی پەیوەندییە کورد و کوردستانییەکانی کۆمیتەی سوید ی حیزبی دێموکرات بەشدارییان کردبوو. فەلاح مستەفا لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کار و چالاکییەکانی ڕابردووی ئەو فەرمانگەیە کرد.

کوردستان



## لە ڕۆژهەڵاتی کانادا ڕێورەسمی ٦٩هەمین ساڵڤەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێورەسمێك بە بۆنەی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری «سێنت کاترین»ی ڕۆژهەڵاتی کانادا بەرێوەچوو. ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» لە لایەن «کۆڕی سروودی کرماشان» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. لە بەشی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا لە لایەن «تاهیر دەرویژە»وە خوێندرایەوە. پاشان چەندین پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیی بەشدار لە ڕێورەسمەکەدا خوێندرانەوە. لە نێوئاخنی ڕێورەسمەکەدا شێعر، پەخشان، سروود و گورانی پێشکەش کرا. ڕێورسمەکە بە هەڵپەرکێ و شادیی بەشداران کۆتایی پێهات.

## لە ئیتالیا خۆپیشاندان لە دژی تێرۆریزم لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتەوە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆلزانۆی وڵاتی ئیتالیا، خۆپیشاندانێکی دژ بە کردەوە تیرۆریستیەکەی وڵاتی فەرانسە و تێرۆر و تێرۆریزمی جیهانی بەڕێوە برد. شارەداری شاری بۆلزانۆ، «لوچی سپانیۆڵی» و چەندین کەسایەتی پایەبەرزی ئەم شارە و بەرپرسی ڕێکخراوی پەنابەران، نوێنەری کلیسای ئەم شارە و چەندین هاووڵاتی فەرانسەیی نیشتەجێ لە وڵاتی ئیتالیا و چەندین ڕێکخراوی ئاشتیخواز و کەسایەتی سەربەخۆ و بە دەیان ڕۆژنامەوان و تی ڤی ئیتالی و ئاڵمانی لەم خۆپیشاندانەدا بەشدارییان کردبوو. لە دەستپێکی ئەم خۆپیشاندانەدا «محەممەد وەیسی» بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم وڵاتەدا وێڕای بەخێرهاتن و بەرز نرخاندنی بەشداریی بەشداربوان وتارێکی بە زمانی ئیتالیایی لە هەمبەر مەحکووم کردنی تێرۆر پێشکەش کرد کە سەرنجی بەشداربوانی بەلای گەلی کورددا ڕاکێشا. هەر لە درێژەی ئەم خۆپیشاندانەدا، «لوچی سپانیۆلی» شارەداری شاری بۆلزانۆی وڵاتی ئیتالیا، وێڕای بەرز نرخاندنی ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە و دەست خۆشی لە بەڕێوەبەران، ئاماژەیەکی گرینگی بە خەباتی دژە تێرۆری گەلی کورد بە گشتیی کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە هاووڵاتیانی کورد لە دەرەوەی خاکی وڵات خۆشیان دژ بە تێرۆر و مەحکووم کردنی تێرۆریسم هەڵوێست دەنوێنن.

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات ، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٩هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی پوستری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، تراکت، سی دی و هەڵدانی ئاڵای کوردستان و نوسینی دروشم، لە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا بە شێوەیکی بەربڵاو چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردوە. ئەو چالاکییانە لە کاتێك دا بەڕێوە چوون کە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا،لە لایەن ڕێژیمەوە حالەتی نائاسایی و ئەمنییەتی ڕاگەینرا بوو و هێزێکی زۆری چەکدار لە شار و ناوچەکانی کوردستان جێگیر کرابوون. بە هۆی زۆر بوونی ناوچە و شوێنەکان، لێرە دا تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. .مەهاباد، ڕەبەت، شنۆ، مەریوان،بۆکان،پیرانشار. (بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ٢٥ی گەلاوێژ، سەردانی سایتی« کوردستان میدیا» بکەن)

## هەڕەشەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان

ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە نامەیەکی مەحرەمانەدا کە بۆ قوتابخانەکانی شارەکانی بۆکان، مەهاباد، شنۆ، پیرانشار و نەغەدەی ناردووە، داوای لە مامۆستایانی قوتابخانەکان کردووە لە گەڵ هیچ میدیا و بە تایبەت کاناڵی تەلەفزیونی کوردی و فارسیی دەرەوەی وڵات وتوویژ نەکەن. لە درێژەی ئەو نامەی ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای ورمێدا هاتووە کە ئەگەر مامۆستایان پێشێلی ئەو بڕیارە بکەن بە توندی سزا دەدرێن و بە شێوەی زۆرە ملی فۆرمی بەڵێنیان پێ پڕ کردوونەتەوە. ماوەیەکە ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرین و بەربڵاو گوشاری خستووەتە سەر قوتابیان و مامۆستایانی کوردستانی رۆژهەڵات بۆ مل کەچ کردن و بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی ڕێژیم کە ئەوەش نارەزایەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانی لێکەوتووەتەوە.

## یەکێک لە مانگرتوانی سیاسیی کوردی زیندانی ورمێ، لە سێدارە درا

بەپێی ڕاپۆرتی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، «سابیر موخەلەد موانە»، زیندانیی سیاسیی زیندانی ورمێ لە سێدارە درا. سابیر موخەلەد موانە، یەکێك لەو زیندانییە سیاسییانە بوو کە لە دوو مانگی ڕابردوودا هاوڕێ لە گەڵ ٢٧ زیندانیی سیاسیی کورد، لە بەندی ١٢ی زیندانی ناوەندیی ورمێ، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە جیا نەکردنەوەی زیندانییە سیاسییەکان بۆ ماوەی ٣٣ ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت. سابیر موخەلەد موانە، هاووڵاتیی کوردی خەڵکی ورمێ، رێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کرابوو.ئەو زیندانییە لە لایەن دادگای شۆڕشەوە بە تۆمەتی «دژایەتی لە گەڵ خودا لە ڕێگەی هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە کوردیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا.

## مامۆستایەکی ژن لە شاری بانە لە سەر کارەکەی دەرکرا

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، فەریدە بەهاری، خەڵکی شاری بانە و مامۆستای یەکێك لە قوتابخانەکانی ئەو شارە،بەهۆی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان و باوەڕمەند نەبوون بە ویلاتی فەقیە و هەروەها باوەڕمەندی بە مەکتەب قورئان، بە بڕیاری «لێژنەی وەرگرتنی ئیدارەی پەورەردە»و لە سەر کار دەرکرا. ئەو ژنە مامۆستایە، پێشینەی پێنج ساڵ مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی شاری بانەی هەبووە.

## ڕێژیمی ئێران ٤ چالاکی سیاسیی کوردی ڕەوانەی زیندان کرد

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، سێ لاوی کوردی خەڵکی ناوچەی سەقز، کە حوکمی ٩ مانگ زیندانیی تەعزیرییان بۆ براوویەوە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەیان ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی شاری سەقز کران. هیوا ئازەری تەمەن ٢٨ ساڵ و کوری ئیسماعیل، محەممەد قانعی تەمەن ٢٤ ساڵ و کوڕی محێدین و سالار ئازەری تەمەن ٢٦ سال و کوڕی حوسێن، خەڵکی گوندی مەڵقەرەنی شاری سەقز لە لایەن لقی ١ی دادگای شۆڕشی شاری سەقزەوە هەر کام سزای ٣ مانگ زیندانی تەعزیرییان بە سەردا سەپا. هەروەها ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، سەعدی ئارامش، کوری کەریم و خەڵکی شاری بۆکان لە لایەن دادگای ئەو شارەوە حوکمی ٣ مانگ و یەك ڕۆژ زیندانیی تەعزیریی بە سەردا سەپا. ناوبراو بۆ تێپەراندنی حوکمەکەی بانگهێشتی ئیتلاعاتی شاری بۆکان کراوە. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری کوردپا، ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە بە ئەندامەتی و پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبار کراون.

## وەرگرتنی پارەی زۆرەملی ئیدارەی پەروەردە لە پاریزگای ورمێ لە قوتابییان

ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای ورمێ لە بەخشنامەیەکدا، بڕە پارەیەکی بەرچاویان لە سەرپەرەستیی قوتابیان داوا کردووە و ئەم داواکارییە، نارەزایەتی توندی سەرپەرەستیی قوتابیانی لێکەوتەوە. بە هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە لە کوردستان، شەپۆلی پارە ئەستاندن لە لایەن ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان لە قوتابیانی قوتابخانەکانی کوردستانی دەستی پێکردووە. هەر لەم پەیوەندییەدا، ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای ورمێ لە نامەیەکدا بە قوتابخانەکانی ئەو پارێزگای رایگەیاندووە کە بۆ دابینکردنی تێچووی قوتابخانەکان،بڕی ٢٠٠هەزارتمەن پارە لە هەر قوتابییەك وەربگرن.

## دەستبەسەرکران و ڕاگواستنی سێ هاووڵاتیی کورد بۆ زیندانی مەهاباد

ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا»بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانباتی ١٣٩٣ی هەتاوی، هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران لە مەهاباد سێ لاوی کوردیان کە پێشتر بە زیندانی تەعزیزی مەحکووم کرابوون، دەستبەسەر و بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگواست. شوناسی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە، ئەحمەد خالّندی تەمەن ٢٦ ساڵ، ئیدریس عەزیزی پوور و سەفین حاجی ڕەمەزانی تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی گوندی قەرە قشڵاقی سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد ڕایگەیاندووە. ئەو سێ لاوە کوردە پێشتریش هەر کامەیان بە ٢ ساڵ زیندانی تەعزیزی مەحکووم کرابوون و لەم دواییانەدا ئەو حوکمە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ تەئید کرابوو.

## دەستێوەردانی ناوەندەکانی بەسیج لە قوتابخانەکانی پیرانشار

ڕێکەوتی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، تاقمێکی بەسیجیی سەربە ناوەندی «بەسیجی فەرهەنگیان» سەردانی قوتابخانەی «موتەهەری»ی پیرانشاریان کردووە و داوای ئەندامەتییان لە مامۆستایان کردووە. بەرپرسی بەسیج لە دەفتەری بەڕێوەبەریی ئەو قوتابخانەیە دا کۆبوونەوەی بۆ مامۆستایان پێکهێناوە و داوای پڕکردنەوەی فورمی بەسیجی لیکردوون کە لە لایەن مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە بە توندی ڕەد کراوەتەوە.

## تێکهەڵچوونی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و دانیشتوانی گوندی دەلۆ

ڕێکەوتی ١٦ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران پەلاماری خەڵکی گوندی دەلۆ لە ناوچەی دۆڵی پارێزگای ورمێیان دا کە لە گەڵ دژکردەوەی خەڵکی ئاوایی بەرەوڕوو بوون، لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا ٨ کەس لە خەڵکی ئاوایی و ٧ کەس لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بریندار بوون. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بیانووی ئەو پەلامار و توندوتیژیەی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی خەڵکی دەلۆ سکاڵای خەڵکی ئاوایی دەربەند بوو لە ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوەی گوندەکەیان کە سەرچاوەکەی کانیاوەکانی گوندی دەلۆیە و بەهۆی کەمتەرخەمیی بە ئانقەستی ڕێژیم لە هەمبەر لێدانی چاڵاوی قووڵی سەر مەزراکانەوە، کەم ئاو و بێ ئاوبوون و کەمتر تێراوی پێداویستیەکانی ئاوەدیری و خواردنەوەی گوندی دەلۆ دەکەن. ئەم گوێ نەدانەی ڕێژیم بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی وەزاڵە هاتووی دەلۆ ناچاربن ئەو ئاوە ڕابگرن کە لە سەر چاوەکانی ئەو گوندە بۆ گوندەکانی شەیتاناوا و دەربەند دەچن.

## ناوەندەکانی بەسیجی ڕێژیم زەختیان خستووەتە سەر قوتابخانەکانی بۆکان

ڕێکخراوی بەسیجی سەر بە سپای پاسداران لە شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە، پەروەندەی قوتابیان وەردەگرن و بێ ئاگاداریی سەرپەرەستیی قوتابییان فۆرمی بەسیجیان بۆ پڕ دەکەنەوە و دەیانکەنە ئەندامی زۆرەملی بەسیج. ئەو کردەوە دزێوەی ڕێژیمی ئێران بووەتە هۆی کێشەی نێوان بەرپرسانی قوتابخانەکان و بەرپرسانی بەسیجی ئیدارەی فێرکردن و پەروەردەی شاری بۆکان. بەرپرسانی بەسیج لە ئیدارەی فێرکردن و پەروەردەی بۆکان رایانگەیاندووە ئەگەر تەواوی قوتابیانی قوتابخانەکانی بۆکان و گوندەکان نەبنە ئەندامی بەسیج جێگری پەروەردە و بەرپرسی گشتیی لەسەر کارەکانیان وەلادەنرێن. هەتا ئێستا زۆربەی بەرپرسانی گشتیی قوتابخانەکانی بۆکان وەڵامی ئەو داوایەی بەسیجی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانیان نەداوەتەوە و دژایەتی ئەو بڕیارەی ئیدارەی پەروەردە و فێرکاریی بۆکان دەکەن.

## والی دروودی پاش ١٨ ساڵ دەستبەسەر بوون مەرەخەسیی پێدرا

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانبار، والی دروودی زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی «چرۆسانە»ی سەر بە شاری کامیاران، پاش ١٨ سال ڕاگیران لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە لە زیندانی ناوەندیی شاری یەزد ماوەی حوکمەکەی تێپەڕ دەکات، بە دانانی بارمتە ماوەی ٨ ڕۆژ مەرەخەسیی وەرگرت. والی دروودی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا چەندین جار داوای مەرەخەسیی کردبوو، کە سەرەڕای ڕەزامەندیی بەرپرسانی زیندانی یەزد، ئیتلاعاتی کرماشان دژایەتیی لە گەل مەرەخەسیی ناوبراو کردبوو. ئەو زیندانییە کوردە، کە هاوڕێ لە گەڵ سێ زیندانیی سیاسیی دیکە بەناوەکانی محەممەد مورادی، عومەر ئیمامی و عەلی ساڵحی، ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی دەستبەسەر کرا، لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەمە یەکەمین جارە کە مەرەخەسیی پێ ئەدرێت. والی دروودی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکان دەستبەسەر کراوە.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «محەممەد عەزیز کووهی» تەمەن ٥١ ساڵە، خەڵکی «مێراو»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. کاك محەممەد ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی وەك ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرا و بە دڵسۆزی و وەفادارییەوە دەستی بە هەڵسووران کرد. ناوبراو لەو ماوەیەدا چالاکیی بەرچاوی ڕێکخراوەیی هەبوو و لە جێبەجێ کردنی ئەرکی پێسپێردراویدا هەوڵی بەردەوام و شێلگیرانەی هەبوو. تەرمی ناوبراو لە ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانبار لە نێو ئاپۆرای خەڵکی مێراو و ناوچەی ژاوەرۆی سنە بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەر خۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك محەممەد عەزیز دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە وتووێژ لەگەڵ تیشک تیڤی دا:

## ئێمە لە مێژە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەوڵمان داوە.



دیمانە: سەلیم زەنجیری

**بەڕێز مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم دوایانەدا لە درێژەی وتووێژێک لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی تیشک، ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبیان لە پێوەندی لەگەڵ پرس و باس و وەرچەرخانە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان شی کردەوە.**

**پرسیار: جەنابت لەو ماوەیەدا بابەتێکت نووسیوە لە ژێر ناوی «سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە دەوری نوێی وتووێژەکاندا» دیتمان کە لە دوایین دیداری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، واتە گرووپی ١+٥ لەگەڵا کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ پرسی ناوکیدا تەوافوقێك لە نێوانیاندا کرا و ماوەی دانووستانەکان بۆ ٧ مانگی دیکەش درێژ کرایەوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو تەوافوقە؟**

**مستەفا هیجری:** هەر وەکوو لە وتارەکەدا ئاماژەم پێ کردووە، لەو باوەڕەدام کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەزعییەتێکدایە کە ناچار دەبێت مل ڕاکێشێت بۆ ویست و داخوازییەکانی ڕۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ دەستبەردار بوون لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەو مەرجانەی کە ڕۆژئاوا دەیهەوێت و ئەوەش لە هەندێك لەو تەوافوقاتانەی کە تاکوو ئێستا لە ژێنێف کراوە، ئاسەوارەکەی دەرکەوتووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕازی بوو دەست هەڵگرێ لە پیتاندنی ئۆرانیۆمی زیاتر لە ٥٪، ئەو ڕادە لە ئۆرانیۆمی ٢٠٪ کە ئامادەی کردبوو، ئەوەی تەبدیل کردووەتەوە بە شتی دیکە، ئیجازەی داوە کە بازڕەسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هەر کات بیهەوێت سەردانی سایتە ناوکییەکانی ئێران بکات، زۆر مەرجی دیکەی بە تەواوی قبوول کردووە، بەڵام شتێکی زۆر تەبیعییە کە لە مەودای مانگەکانی داهاتوودا کە دیاریکراوە و تاکوو مانگی پووشپەڕە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات کە هەندێك ئیمتیازی زیاتر بەدەست بێنێت، بەڵام لە نەهایەتدا کۆماری ئیسلامی مەجبوورە مل دانەوێنێ، بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو گەمارۆیانەی کە لەسەری بارگرانییەکی زۆرە و وەزعی ئابوورییەکەی بە تەواوی تێکداوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و هەر ئێستاش دوای نووسینی ئەو وتارە، هێندێك ئاسەواری گەمارۆی سەر ئێران و هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کە ئەویش بە پێی بەرنامە و هەدەفمەندانە لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانانی ئامریکاوە بەڕێوەدەچێت تەئسیراتی زیاتری داناوە لەسەر وەزعییەتی خراپی ئێران چ لە سەتحی نێوخۆ و چ لە سەتحی نێونەتەوەییدا، بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران ئیعلامییان کرد کە نرخی نان دەبەنە سەرێ و حدوودی ٤٠٪ ئەو نرخەیان بردە سەرێ. نان یەکێك لە خواردنە ئەساسییەکانە بە تایبەتی لە نێو بنەماڵە هەژارەکاندا، ئێستا ئەو بنەماڵانەی بە تایبەت خیزاندارن، تەنانەت بۆ تەئمینی نانی ماڵەوەشیان موشکیلەیان دەبێ. ئەو ڕۆژانە حکوومەت ئیعلامی کردووە نرخی بێکاری بووەتەوە ٢ ڕەقەمی، پێشتر وایان ڕاگەیاندبوو کە بووەتە ١ ڕەقەمی، بەڵام ئێستا بووەتەوە ٢ ڕەقەمی، یانی نرخی بێکاری چووەتەوە سەرێ، موشکیلاتی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئابووریدا و دابەزینی نرخی نەوت ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی کۆماری ئیسلامی ئالتێرناتیڤی دیکەی نیە کە بتوانێ درێژە بدات بەو وەزعییەتەی کە ئێستا هەیەتی «حەداد عادڵ» دەڵێ نرخی نەوت ئەوەندە دابەزیوە کە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیشمان لەسەر لا بچێ ئابووری ئێمە زۆر شکەنەندەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر پێشتر فەقەت گەمارۆی ئابووری لەسەر بوو ئێستا گەمارۆی نەفتیش جارێکی دیکە کەوتووەتەوە سەری، ئەویش بەو مەعنایەی کە ئەو نەوتەی کە دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر بیفرۆشێت کە هەرچەند ناتوانێت پووڵەکەی بە دۆلار وەربگرێتەوە، بەڵام ئێستا لەو پێوەندییەشدا دەبینین کە نرخەکەی یەکجار زۆر دابەزیوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بودجەی خۆی لەسەر ‎$٧٢‎ بۆ قیمەتی هەر بەرمیلێك نەوت دیاری کردووە، ئێستا قیمەتی نەوت دوێنێ شەو ڕاگەیندرا کە دەوری ‎$٥٢‎ و خوردەیەکە، ئەو هەموو کەسریی بودجە و ئەو هەزینە و مەسرەفەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەتحی مەنتەقەدا بە نیسبەتی یارمەتیدان بە حکوومەتە تیرۆریستەکان و شەڕی سووریە، حیزبوڵڵا و ئەوانە مەسرەفی ئەکات، ناتوانێت لە عوهدەی دەربێ ئەگەر گەمارۆکانی لەسەر بێ.

تەبیعەتەن ئەو وەزعییەتەیە کە حەسەن ڕوحانیشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیدا هەوڵ بدات، بەڵام توندڕەوەکان کە دژی ئەو شێوە وتووێژەن، بەو نەتیجە گەیشتوون کە ئەوەی تاکوو ئێستا کراوە ئیمتیاز دانە بە ئامریکا و ئێران دەستکەوتێکی نەبووە بۆیە ئیعترازییان هەیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوەی کە ئەو ڕێگایەی ئیدامە بدات ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە بە بۆچوونی من بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە خودی ڕێبەری ڕێژیم گەیشتووە بەو قەناعەتەی کە هیچ دەرەتانێکی نەماوە دەبێ کارێك بکات ئەو گەمارۆیانە هەڵگیرێت، بۆیە ئەویش لە واقێعدا بە نەوعێك موافقەتی خۆی ئیعلام دەکات لەگەڵ درێژ بوونەوەی وتووێژەکان.

مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە لە سەتحی نێونەتەوەییشدا تەئسیری داناوە، ئەویش لە ڕابیتە لەگەڵ مەسەلەی درێژەدانی شەڕی سوورییەدایە، دەبینین کە شەڕی سووریە بووەتە زەلکاوێك بۆ کۆماری ئیسلامیی ئیران کە دەبێ هەر لێی خەرج بکات و تاکوو ئێستاش هیچی دەست نەکەوتووە و دەبێ هەر وا درێژەی پێ بدات. بەڵام بەو ئابوورییە تێکڕووخاوەی مەسەلەکە دەگاتە نووقتەیەك کە ئیدی ناتوانێت درێژەی بدا، بۆیە دەبینین کە لەو ئاخرانەدا سەفەری لاریجانی سەرۆکی مەجلیس بۆ لوبنان، بۆ دەمیشق و بۆ بەغدا لە واقێعدا بە نەوعێك ئیتمینان دانە بە هاوپەیمانەکانی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە لە ژێر گەمارۆی ئابووریدایە و نرخی نەوت دابەزیوە، بەڵام ئەو ئیدامە دەدا بە یارمەتییەکانی خۆی، بەشار ئەسەد بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لەو مەسەلەیە دەربڕیوە و حزبووڵڵاش نیگەرانە، ئەو نیگەرانییانە کۆماری ئیسلامی گەیاندووەتە نوقتەیەك کە دەبێ بۆ ئەو شەڕەش کە داهاتی ئیران هەڵدەلوشێت فیکریك بکەن، ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەندێك جم و جۆڵا لە ئارادایە ئەو جم و جۆڵانە یەکێکیان ئەو سەفەرەی لاریجانیە کە بیگومان لەسەر مەسەلەی درێژەدانی شەڕ لەگەڵ ئەو لایەنانە قسەی کردووە، لە لایەکی دیکەوە قسەی پووتین لە ڕووسیەیە کە ئێستا خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتدا دابنیشن بۆ ئەوەی باس بکەن بۆ کۆتایی هینان بەو شەڕە لە ڕێگای وتووێژەوە، بێگومان ئەو قسەکردنەی پووتین ئۆکەی ئێرانیشی تێدایە، دیارە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا پووتینیش یا با بڵێین حکوومەتی ڕووسیە کە دوای ئێران یەکێك لە یارمەتیدەرانی گەورەی بەشار ئەسەد بوو، ئەوانیش هەر لە ژێر گەمارۆکان و دابەزینی نرخی نەوتدا ئیقتسادەکەیان بە تەواوی خەریکە وێران دەبێت. لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا نرخی ڕوبلی ڕووسیە نزیکەی ٤٠٪ دابەزیوە و ئێستاش هەر لە دابەزینی دای، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو گەمارۆیە تەئسیراتەکەی خۆی زیاتر نیشان ئەدا و فشار لەسەر ئێران زیاتر دەبێ. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ڕۆژنامەیەکی میسری بە نێوی «بوابە الاهرام» خەبەرێکی بڵاو کردۆتەوە و باس لە تەوافوق لەسەر گەڵاڵەیەك دەکات لە بەینی ئامریکا و ڕووسیەدا بۆ ئەوەی کۆتایی بێنن بە شەڕی سووریە. خەبەرەکە باس لەوە دەکا کە لە گەڵاڵەکەدا تەکلیفی بەشار ئەسەد و حکومەتی ئایەندە و هەروەها ئەو کەسایەتییانەی کە لە ئاستی نێونجی و سەرەوەدا لە حکومەت بەشدار دەبن بە وردەکارییەوە دیاری کراون. هەرچەند ئەو خەبەرە لەلایەن سەرچاوەی دیکەوە تەئید نەکراوە، بەڵام کە تۆ هەمووی ئەو جم وجۆڵانە دێنی لە تەنیشتی یەکی دادەنێی، بە بۆچوونی من نەتیجەکەی ئەوەیە کە ئەو گەمارۆیانە لەسەر ئێران و ڕووسیە کە یارمەتیدەری ئەسڵیی بەشار ئەسەدن تەئسیراتی خۆی داناوە و دەیانەوێ بە جۆرێك خۆیان لەو مەسەلەیە ڕزگار بکەن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەوە تەئسیری گەمارۆکان هەر لە نێوخۆی ئێراندا نیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ تەئسیراتەکەی زیاتر دەردەکەوێ، بەڵکوو لە سەتحی نێونەتەوەییشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران مەجبور دەکا کە چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بکێشێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ببێتە کۆماری ئیسلامییەك کە یارمەتی بەشار ئەسەد نەکا، یارمەتی حیزبوڵڵا نەکا، یارمەتییەکانی بۆ حەماس کەم بکاتەوە یا بیبڕێ، لە واقێعدا دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی ماهییەتەکەی دەگۆڕێ، دەبێتە شتێکی دیکە، بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو سیاسەتانە و ئەو دەستێوەردانانە لە مەنتەقەدا درێژە بدا مەجبوورە و دەبێ دەست لە پیتاندنی یورانیۆم بەو جۆرەی بۆ خۆی دیهەوێ، هەڵبگرێ.

**پرسیار: مادام کە گەمارۆکان ئەوەندە تەئسیریان هەبووە و جەنابیشت فەرمووت کە دەبوو چەند شەرتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی قبوڵ بکا، بۆچی ئامادە نیە کە ڕێکەوتنی یەکجارەکی واژۆ بکات و کۆتایی بەو مەسەلەیە بێنێ؟ یان ئەوەی کە کات دەکوژێ بە قازانجی خۆی؟**

**و:** لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هۆیەکەی دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە بۆ نێوخۆی وڵات، لە نێوخۆی وڵاتدا ئێمە مەجموعەیەك توندڕەومان هەیە کە خودی خامنەیی لەسەرەوەی هەموویانەوەیە، بەردەوام تاکوو ئێستا باسیان لەوە کردووە کە ئێمە سەردەکەوین و ئەو گەمارۆیانە ناتوانن هیچ تەئسیر لەسەر ئێمە دابنێن، درووشمە بریقەدارەکانی ئەو هەشت ساڵەی ئەحمەدی نژاد و قسەکانی خودی ڕەهبەر لەو پێوەندییەدا، ئەوەندەیان لەسەر ئەو مەسەلانە باس کردووە و بە خەڵکیان وتووە بۆیە ئەو تەسلیم بوونە دەبێ ورده ورده دەرخواردی خەڵکەکە بدەنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن تەوجیهی بکەن. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە شتێکی تەبیعییە لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لایەنی زەعیفی ئەو وتووێژەیە بەڵام دیسان هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی کە بتوانێ دەسکەوتێکی زیاتر بەدەست بێنێ، مەسەلەن بتوانێ ٥+١ ڕازی بکات کە گەمارۆکانی زۆر زووتر لەسەر لابچێ چونکە ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە حەتتا ئەگەر بە تەوافوقی نەهاییش بگەن ئەو گەمارۆیانە چەند ساڵ دەکێشێ تاکوو ورده ورده هەڵبگیرێنەوە.

**پرسیار: قەراری کۆتایی مانگی پووشپەڕی داهاتووە. لە نێوخۆی ئامریکا کۆماریخوازەکان تەقریبەن کۆنگرێس و سێنای ئامریکایان بەدەستەوەیە و ڕەنگە فشارێکی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن لەو پێوەندییەدا، هەر وەکوو جەنابیشت فەرمووت نرخی نەوت دابەزینی یەکجار زۆری بە خۆیەوە بینیوە لەولایەشەوە دەبینین کە تەحریمەکان تا ڕادەیەك هەر بە قوەتی خۆیان باقین پێشبینی ئێوە بۆ ئەو وتووێژانە لە داهاتوودا چیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی کارتێکی ئەوەندە بەهێزی لەدەستدا ماوە کە بتوانێ سەرکەوتن لەو وتووێژانەدا بەدەست بێنێ؟**

**و:** کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کارتێکی بەهێزی نیە کە بتوانێ بیکاتە پشتیوانی سەرکەوتنی خۆی. وەکوو ئیشارەم پێکرد دۆستی هەرە بەهێز و جێی متمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا ڕووسیە بوو کە ئێستا ڕووسیە بۆ خۆی تووشی گرفتارییەکی یەکجار زۆر گەورەی ئابوورییە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گرفتانەی لێ گەورەتر دەبێتەوە، بێجگە لەوە لە نێوخۆی ئێران وەزعییەتی ئابووری کە ڕۆژ بە ڕۆژ خرابتر دەبێ ژیانی خەڵك زیاتر تێك دەچێ، بێکاری زیاتر دەبێ، ئیعترازاتی خەڵك زیاتر دەبێ، ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەش کۆماری ئیسلامیی ئێران نیگەرانە لەوەی کە ئیدی نەتوانێ بەو ئابوورییە وێرانەی کە هەیەتی یارمەتیدەر بێ بۆ هاوپەیمانە تیرۆریستەکانی لە مەنتەقەدا و نفوزی خۆی بەو شێوەیە لە مەنتەقەدا بەرینتر بکاتەوە و ئەوانە هەموو مەسائیلێکن کە نەك هەر لە ڕاستای وەزعی موسبەتی ئێراندا نیە، بەڵکوو هەموویان بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو هۆیانە زیاتر و بەهێزتر دەبن. مەسەلەن هەر یەکێك لەو شتانەی کە ئێستا دەبێ ئیشارەی پێ بکەین و مەسەلەیەکی موهیممە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە ئێستا باسی لەوەیە کە ئەو ڕادە لە یورانیۆمەی کە پیتاندوویەتی بینێرێت بۆ ڕووسیە.

ئەوە پێشنەهادێك بوو كە لە زەمانی ئەحمەدی نـــژاددا گرووپی ٥+١ كردی بــۆ ئەوەی كــە كۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیعتمادسازی بكات، كە بە توندی ئەو مەسەلەیان ڕەت كردەوە، بەڵام ئێستا باس لەوە دەكرێ كە ئەو یۆرانیۆمە بچێتە ئەوێ، خەبەرەكە لەلایەن ڕۆژنامەی ئاسۆشێتدپرێس بڵاو بۆتــەوە كــە مەعمولەن ئەو ڕۆژنامانە لە سەرچاوەی جێگای متمانەوە خەبەر وەردەگرن. كۆماری ئیسلامیی ئێران زاهیرەن ئەوەی ڕەت كردۆتەوە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە كە چ لە سەتحی نێونەتەوەییدا و چ لە سەتحی نێوخۆی ئێراندا كۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ بەرگێكی بەرەندەی بەدەستەوە نیە كە بتوانێ فشار بێنێ بۆ ٥+١ چونكە ئەوە كۆماری ئیسلامیە كە ئیحتیاجی بە ٥+١ە، ئەوان شتێكیان نیە لەدەستی بدەن مەسەلەن تەواوی ئیمتیازێكی كە تا ئێستا كۆماری ئیسلامی توانیویەتی بەدەستی بێنێ ئەوەیە كە لە نزیكەی ١٠٠ میلیارد دۆلار سەرمایەی ئێران كە ئی خۆیەتی و دەستی بەسەردا گیراوە موافقەتیان كردووە مانگانە ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری تەحویل بدەنەوە یا هێندێك گەمارۆی زۆر چووكەیان لەسەر قەتەعاتی هەواپەیمای موسافرەتی هەڵگرتووە كە ئەوانە تەئسیرێك لەسەر وەزعی ئابووری ئێران دانانێت.

**پرسیار : فەرمووتان كە بەرەبەرە زەمینــە خۆش دەكــەن بۆ ئەوەی كە پاشەكشــە بكەن ئەگەر هاتوو ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران مل بۆ داخوازییەكانی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕابكێشێ و تەسلیم بێت، ئایا ئەوە مونجەر بە كرانەوەی سیاسی لە نێوخۆی ئێرانیشدا دەبێ یا داخرانی زیاتر و سەركوت و زەبروزەنگی زیاتر، یان ئەگەر هاتوو ڕێك نەكەون وێنای چی دەكەن؟**

**و:** مــن پێش ئــەوەی كــە دانیشتنەكانی ژنێڤ دەست پێبكا ئەودەمیش وتارێكم نووسی لەوێشدا باسم لەوە كردووە، ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم كە كۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی مەبەستییەتی سیاسەتی جیهانی و جیهان بینییەكەیەتی، برسیبوونی خەڵكی ئێران تەئسیرێكی لەسەر ناكا، بۆیە پێ بە پێی ئەوەی كە دەیهەوێ نفووزی خۆی لە مەنتەقەدا بەرین بكاتەوە، بە قەولی خۆی ئیدئۆلۆژی خۆی و ئینقلابی خۆیان سادر بكەن بۆ دەرەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا چوونكە وەزعی خەڵكی ئێران سەختتر دەبێ، ئیعترازات زیاتر دەبێ و ئیعترازاتی زیاتر یانی سەركوتی زیاتر. هەر وەكوو دیتمان ڕوحانی كە هات وادەیەكی زۆری بە خەڵك دا باسی لەوە كرد كە لە وتووێژەكاندا سەر دەكەون و وەزعی ئەمنییەتی سووكتر دەبێ لەسەر خەڵكی ئێران، بەڵام بەپێی هەموو سەرچاوەكانی دونیا و ئامارەكانی خودی ئێرانیش دەركەوت لە كۆماری ئیسلامیدا لەو ماوەیەدا ئەگەرچی بەرەوڕووی ڕۆژئاوا كراوەتەوە لە مەسەلەی ئەتۆمیدا ئیمتیاز دەدا، بەڵام ئیعدامەكان لە ئێران زیاتر بووە، دەستبەسەركردنی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان زیاتر بووە و لە داهاتوودا بە بۆچوونی من كۆماری ئیسلامی لەو پێوەندیەدا سەختگیری و توند و تیژیەكەی بەرانبەر بە خەڵكی ئێران زیاتر دەبێت چونكە كۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵكی ئێران دەترسێ و دەزانێت كە خەڵكی ئێران لە كەمترین فرسەت كە بە دەستی بێنن لە دژی ئەو حكوومەتە ڕادەپەڕن بۆیەش ئێستە دەبینین كۆماری ئیسلامی لە دژی هەموو جووڵانەوەیەك، لە دژی هەموو حەرەكەتێك، لە دژی هەموو بۆچوون و قسەیەك كە جیاوازی چووكەی هەبێت لەگەڵ سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بێ ڕۆحمانە بەرخۆرد دەكات و ڕۆحم بە هیچ كەسێكیش ناكات تەنانەت بە ئەو كەسانەی كە وفاداری خۆیان بوونە و لەگەڵ ئەوان لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی كۆماری ئیسلامی بەشداربوونە.

**پرسیار: سەبارەت بە مەسەلەیێ ناوكی كە پێ دەچێ زیاتر مەبەستی كۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی شەخسی حەسەن ڕوحانی ئەوە بێ، ئێستا مەسەلەیەكی دیكەی هێناوەتە بەرباس كە ئەویش (ڕێفراندۆم)ە بۆ ئەسڵی ٥٩ی یاسایی بنەڕەتی كۆماری ئیسلامیی ئێران كە دەڵێت: بۆ هەندێك مەسەلەی گرینگی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی دەكرێ ڕجووع نەكەین بە مەجلیس و دەتوانین ڕێفراندۆمی بۆ بكەین، بەر لەوەی بێمە سەر مەنتق یا ئیدئۆلۆژی كۆماری ئیسلامی كە چەندە هەڵگری ئەوەیە كە پەنا بۆ ڕای گشتی خەڵك ببات یا خود ئەسڵەن چەندە بۆی گرینگە، پێم خۆشە بزانم ئەوە بە چە مەبەستێكە؟ زیاتر ئایا بۆ مەبەستێكی سیاسییە، لێدانە لە ڕێبەر؟ یاخود ئەوە شەڕی زەرنگەریە لە نێوان باندەكانی ڕێژیمدا یان نەخێر بۆ خۆش گوزەرانییە، بۆ بژێوی ژیانی خەڵكیە، بۆ خزمەت كردنی زیاتر، ئایا بە چ مەبەستێكە كە زیاتر ئەوەیان هێناوەتە بەر باس؟**

**و:** وەكوو ئاگادارن حەسەن ڕوحانی و وەزیری كاروباری دەرەوە كە لە جەریانی وتووێژەكاندا بەشدار بوون، بەردەوام لە ژێر فشاری تۆندڕەوەكاندان، هەر دوێنێ و پێرێ بوو كە وەزیری كاروباری دەرەوە جارێكی دیكە بانگ كرایەوە پارلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری نوێنەران بداتەوە كە ئەوانەی ئیعترازیان هەیە و دەڵێن كۆماری ئیسلامی دەسكەوتی نەبووە لەو وتووێژانەدا و لایەنی ڕۆژئاوایی سەركەوتنیان بە دەست هێناوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا ڕوحانی و دەوڵەتەكەی یەكجار زۆر لە ژێر فشاردان لە لایەن تۆندڕەوەكانەوە، بەڵام لە لایەكی دیكەشەوە ئەوان باش دەزانن كە خەڵكی ئێران بەو وتووێژانە ڕازین و پێیان خۆشە كە كۆمای ئیسلامیی ئێران بە قیمەتی دەست هەڵگرتن لە پیتاندنی ئۆرانیوم و دەست بەردار بوون لەو پرۆژیە ئاڵوگۆڕێكی تێدا بیتە پێشێ، كە ئابووری ئێران وەزعی باشتر بێت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا حەسەن ڕوحانی دەزانێ كە ئەگەر بێت و ڕێفراندۆمێك بكرێت خەڵك پشتیوانی لێ دەكات ئەوە لایەنێكی مەسەلەكەیە، بۆیە ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام لایەنی دیكەی مەسەلەكە ئەوەیە كە بە زۆر هۆكار لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئیمكانی نییە كە ئیزنی ڕێفراندۆم بۆ ئەو مەسەلانە بدەن،لەگەڵ ئیدئۆلۆژیەكەی نایەتەوە، سێ چوار خاڵ لەو پێوەندیدا پێم خۆشە ئێشارە پێ بكەم یەكێكیان ئەوەیە كە ڕێفراندوم ڕاستە ئەسڵێكی قانوونی ئەساسیە بەڵام لەوێدا دەبێت دوو سێهەمی نوێنەرانی مەجلیس دەنگ بدەن كە بابەتێك بێتە ڕێفراندۆم، باشە مەجلیس ئێستا دەبینین كە ئەكسەریەتی تۆندڕۆەكانن و قەت دەنگ بە شتێكی ئاوا نادەن، دوای ئەوان دەبێت ببرێتە (شورای تەشخیسی مسڵەحەتی نیزام تاكوو بزانن ئایا ئەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام یەك دەگرێتەوە یاخود دەگونجێت یا نا؟ لەوێ ڕەتی دەكەنەوە، بۆچی ڕەتی دەكەنەوە؟ هۆكارەكەی زۆر ڕوونە لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوەیكە گرینگی پێ دەدرێت و حیسابی بۆ دەكەن، نەك دەنگی خەڵكە بەڵكوو دەنگی وەلی فەقیهە كە نوێنەری ئیمامی زەمانە و دەسەڵات بەدەستەكانی كۆماری ئیسلامی زۆر جار ئەمەیان دووپات كردۆتەوە كە خەڵك شایستەی دەنگدان نین، خەڵك دەبێت تەبەعییەت بكەن لە وەلی فەقیە كەوابوو لەو مەسەلەیەشدا ناتوانن ئەو ڕێفراندۆمە جێبەجێ بكەن و بێجگە لە هەمووی ئەوانە ئەگەر ئەو ڕێفراندۆمە جێبەجێ بكرێت لە ڕاستیدا دەبێت ڕێگا بكاتەوە بۆ ڕێفراندۆمی دیكە، ڕێفراندۆمی دیكە چییە؟ مەسەلەن لە مێژ ساڵە ئازادیخوازانی ئێران و ئەحزابی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و خەڵك داوا دەكەن دەڵێن دوای سی و چەن ساڵ لە حكوومەتی كۆماری ئیسلامی با جارێكیش ڕێفراندۆم بكرێت بزانین خەڵك دەنگ دەدات بەو حكوومەتە یاخود نا، بەڵام قەت كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگا بەو مەسەلەیە نادات، یانی بەگشتی ڕێفراندۆم كە بریتیە لە موراجعە كردن بە دەنگی خەڵك لە سیستمگەلێكی دێموكراتیكدا دێتە پێشێ كە لەوێدا نوێنەرانی مەجلیس نوێنەرانی ویست و داخوازی خەڵكن، حكوومەت لە سەر ویست و داخوازی خەڵك بەرنامە دادەڕێژیت و قانوون لە سەر بەرژەوەندی خەڵك پەسەند دەكرێت، بەڵام لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا كە هەڵبژاردنەكان و نوێنەرانی مەجلیس بە قەوڵی خویان دەڵێن هەمووی مۆهەندێسی دەكرێت و دیاری دەكرێن و دەچنە مەجلیس لە ڕاستیدا نوێنەرانی حكوومەتن و نوێنەرانی ڕێژیمن، نەك نوێنەارنی خەڵك، بۆیە نە لە مەجلیس ئەو مەسەلەیە پەسەند دەكرێت و نە ئیمكانی ئەوە هەیە شورای تەشخیسی مسڵەحتی نیزام ئەو كارە بكات و نە خودی وەلی فەقیە ڕەزایەت دەدات بەوە چوونكە ئەگەر ئەو كارە بكەن دەسەڵاتەكەی وەلی فەقیە وەردەگرنەوە و دەیدەن بە خەڵك.

**پرسیار: باشە ئەگەر وایە ئەو پاڕادۆكسە لە سیاسەتی ڕۆحانیدا چییە؟ بۆ خۆی ئێشارەی پێی كردووە كە دەڵێت: هەموو شتێك لە سەر ئۆكەی ڕێبەری واتا شەخسی خامنەیی بووە و هیچ شتێك بە بێ ئەو نەكراوە و ئەو پەسەندی كردووە بۆ وتووێژ یان بۆ زۆر شتی دیكە ساختاری گشتی ڕێژیم و تەنانەت سیاسەتی گشتی ڕێژیم و سیاسەتی كەلانی ڕێژیم هەر وەلی فەقیە بۆ خۆی دیاری دەكات، ئەگەر وایە ئەو پاڕادۆكسە چییە لە سیاسەتی ڕوحانی كە لە لایەك هەم دەیەوێت لێی بدات و لە لایەكی دیكەشەوە تەعریف و تەمجید لە خامنەیی دەكات و دەڵێت كە ئۆكەی ئەوی لە سەرە؟**

**و:** بەڵێ ئەوە ڕاستە خۆ تبیعەتەن دەبێت ئەو مەسەلە گرینگانەی كە پێوەندی بە سیاسەتی نێونەتەوەیی یان نێوخویی ئێرانەوە هەیە لە لایەن خودی خامنەییەوە پەسەند بكرێت.

لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیوم و وتووێژی ٥+١ خامنەیی لە ڕاستیدا هەتاكوو ئێستا دوولایەنە كایەی كردووە، لە لایەكەوە بەردەوام دەڵێت من متمانەم بەو لایەنانە نییە ئەوانە درۆمان لەگەڵدا دەكەن ئەوانە ناسازێن و لە لایەكی دیكەشەوە دەڵێت: باشە بەردەوام بن، لەو دوولایەنە حەرەكەت كردنەدا ناكرێت هەموو ڕۆژێك دیفاع لە ڕوحانی بكات، بۆیە تۆندڕەوەكان فشاری بۆ دێنن ئەویش لە بەرانبەری ئەو فشارانەدا عەكسولعەمەل نیشان دەدات یانی لە ڕاستیدا ئەو قسەی ڕوحانی عەكسولعەمەلێكە لە بەرانبەر ئەو فشارەی كە تۆندڕەوەكان هێناویانە. وەزیری خارجە بانگ دەكەن بۆ پرسیار كردن هەموو ڕۆژێك، ئەویش دەیەوێت ئەو عەكسولعەمەلە نیشان بدات، دەنا بە ڕای من ڕوحانی لە هەموو خەڵك باشتر دەزانێت كە لەو سیستمەدا ئیمكانی ڕێفراندۆمێكی ئازاد بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ نابێت.

**پرسیار: بابەتێكی دیكە كە پێوەندی بە كوردستان و ڕۆژهەڵات و ئەحزابی سیاسی ئەو پارچەیە لە كوردستانەوە هەیە دەوروژێنین، ماوێكە دەبینین چەمك یا گۆفتمانێك لە نێو هەندێك لە ئەحزابی كوردستاندا سەری هەڵداوە بە نێو ڕۆژهەڵات مێحوەری یا كۆنگرەی ڕۆژهەڵات، سەرەتا پێم خۆشە لە ڕۆژهەڵات مێحەوەرییەوە دەست پێبكەم، ئایا ڕای حیزبی دێموكرات لەو پێوەندیەدا چییە؟**

**و:** ئەگەر ڕای حیزبی دێموكراتت دەوێ، ڕای حیزبی دێموكرات زۆر ڕوونە، ئێمە وەك حیزب نێومان حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانە، تاكوو ئێستا لەسەر ئەو سیاسەتەین یەعنی هەموو كار و تێكۆشان و فەعالیەتی ئێمە پێوەندی هەیە بە خۆرهەڵاتی كوردستان. ئەوە سیاسەتی ئێمە بووە لە سەرەتاوە و تاكوو ئێستاش درێژی هەیە و ئێستاش پێمان وایە دەبێت هەموو كار و تێكۆشانی ئێمە پێوەندی هەبێت بە كوردستانی ئێرانەوە، بەڵام تەبیعەتەن ئەوە بەو مانایە نییە كە ئێمە سەبارەت بەو ڕووداوانەی كە لە بەشەكانیتری كوردستاندا ڕوو دەدەن بێ تەفاوت بین، ئێمە وەكوو هێزێكی نەتەوەیی لە هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێكدا كە لە بەشەكانی جۆراوجۆری كوردستان دێتە پێشێ نەزەر و بۆچوونی خۆمان دەدەین و قسەی خۆمان دەكەین و هەڵوێستی سیاسی خۆمان دەردەبڕین، بەڵام نزیكەی هەشت ساڵ لەمەوپێش ئەو هاوڕێیانەی كە لە حیزبی دێموكرات جیا بوونەوە، ئەوان وشەی ئێرانیان لە نێوی حیزبەكەیان كەم كردەوە و ئارمی حیزبەكەیان كرد بە چوار كێو لە جیاتی كێوێك بە نیشانەی ئەوەیكە ویستیان وا نیشان بدەن كە ئەوان نەتەوەییترن و كار و تێكۆشانیان لە چوارچێوەی هەموو بەشەكانی كوردستاندایە، بەڵام ئێستا بە هەر هۆكارێك وا دیارە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی كە ئەو سیاسەتە سیاسەتێكی سەركەوتوو نەبووە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ئەسڵەی سەرەتا كە كار و تێكۆشان لە چوارچێوەی كوردستانی ئێراندایە، ئێمە ئەو هەڵوێستە بە هەڵوێستێكی باش دەزانین و پێشوازی لێ دەكەین. پێمان وایە كە بە نەتیجەیەكی دروست گەیشتوون، بەڵام تەنیا شتێك كە لێرەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە كە ئەو گۆڕینی سیاسەتە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا لەگەڵ عێنوانی حیزبەكەیان كە كوردستانە بە مەعنای هەموو بەشەكانی و ئەو ئارمەی حیزبەیان كە چوار كێو بە واتای چوار بەشی كوردستانە برێك لەگەڵ ئەوە ناتەبایە ئێستە ئەوە خۆیان چۆنی جێبەجێ دەكەن یان چۆنی توجیە دەكەن مەسەلەیەكە پێوەندی بەوانەوە هەیە، بەڵام بە گشتی ئەو ئاڵوگۆڕەمان لە سیاسەتی ئەواندا پێ شتێكی باشە.

**ئێمە ئێستا لە بەرنامەماندا هەیە كە لە ماوەیەكی نیزیكدا كۆبوونەوەی دوو دەفتەری سیاسی هەر دوو لا بگرین و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا جارێكی دیكە دانیشتن بكەین بە حوزووری بەڕێز كاك خالید عەزیزی و خۆم**

**پرسیار: لە هەمانكاتدا لایەنێكی دیكەیش باس لە ڕۆژهەڵات تەوەری یان كۆنگرەی ڕۆژهەڵات دەكا. مەبەست لە كۆنگرەی ڕۆژهەڵات چییە؟ یان خوێندنەوەتان بۆ ئەو تەوەرە چییە؟ ئێوە چۆن لێی دەڕوانن و چۆن پێشوازی لێدەكەن؟**

**و:** ئەو مەوزوعە لە لایەن هاوڕێیانی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێرانەوە مەترەح بووە، دیارە ئێمە ماوەیەك لەوە پێش كە میوانی ئەوان بووین لەوێ باسەكەی هاتە گۆڕێ، نەزەری خۆمان بە كورتی لەوێ باس كرد بە دوای ئەوەدا نامەیەكیان نارد بۆ ئێمە و داوایان كرد كە ئێمە نەزەری خۆمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەربڕین و ئامادە كاریی بكەین بۆ ئەوەیكە بە هەموومانەوە بتوانین كۆنگرەی ڕۆژهەڵات پێك بێنین. ئێمە لە نامەیەكیشدا وەڵاممان داونەتەوە، وەڵامی ئێمە ئەوە بووە كە تەبیعەتەن هەر نەوع یەكگرتنێك شتێكی پیرۆزە و دەبێ كاری بۆ بكرێ و بۆ خۆیشیان دەزانن كە ئێمە ماوەیەكی زۆر بوو حەوڵمان داوە بۆ ئەوەیكە بەرەیێك لە نێو ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی ئێرانی پێك بێ، بەڵام هێندێك گیروگرفتی تەشكیلاتی و سیاسی لە واقێعدا بوونەتە كۆسپ و تەگەرە لە سەر ئەو ڕێگایەدا، یەكێك لەو كۆسپ و تەگەرانە ئەوەیە كە ئینشعاباتێك لە نێو هاوڕێیانی كۆمەڵەدا هاتووەتە پێش لەو ماوەیەدا، ئینشعابێك لە نێو حیزبی دێموكراتدا هاتووەتە پێش، ئەوانە گیروگرفت بوونە كە لەسەر ڕێگای یەكگرتنەوە، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە پێش ئەوەی باس لە كۆنگرەیەكی ئاوا بكریت، پێویستە هەوڵ بدەین كە مەسەلەی ئەو جیابوونەوانە، ئەو گیروگرفتانە كە ئەو جیابوونەوانە پێكی هێناوە و جاری وایە لایەنەكان نایانهەوێ پێكەوە دابنیشن، ئەوانە چارەسەر بكەین، لە حاڵێكدا، ئەو گیروگرفتانە لە ئارادا بێ بە بۆچوونی ئێمە پێكهێنانی كۆنگرەیەكی ئاوا، ئەگەرچی وەكوو ئیدە، وەكوو فیكر شتێكی باشە، بەڵام لە عەمەلدا لانیكەم لە ئێستادا ئێمە بە مومكینی نابینین.

**پرسیار: فەرمووتان كە پەرتەوازەیی لە نێو لایەنەكان یان ئەو ئینشعاباتەی كە لە نێوان ئەحزابەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی ڕۆژهەڵاتدا پێكهاتووە، لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی حیزبی دێموكرات و یەكگرتنەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانی جیابووەوە لە حیزبی دێموكراتدا ئێستا دەبینین كە لە ڕاگەیاندنەكان و لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بەردەوام باس لە یەكگرتنی حیزب و پێكهێنانی حیزبی دێموكراتی واحید دەكرێ، لەو پێوەندیەدا، پێمخۆشە نەزەری جنابتان و هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموكرات بزانین كە ئایا ئەو شتە بە كوێ گەیشتووە؟**

**و:** زۆرجار باسمان كردووە و ئێستایش ئەوەی دووپات دەكەمەوە كە ئێمە وەك حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران نەزەر و بۆچوونێكی كۆنگرەمان هەیە كە هەوڵ بدەین بۆ یەكگرتنەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان كە لە حیزبی دێموكرات جودا بوونەوە، كۆبوونەوەكانی كومیتەی ناوەندیش هەتا ئێستا تەئیدیان و تەئكیدیان لە سەر ئەو بڕیارە كردووەتەوە، ئێمەیش وەك حیزبێكی دێموكرات پابەندین بەو بڕیارانەی كە ئۆرگانەكانی سەرەوە بۆ ئێمە داویانە، لەو پێوەندیەدا لە مێژە خەریكی وتووێژ و دانوستانین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان و ئەوەیش هەروا درێژە پێ دەدەین، ئێمە ئێستا لە بەرنامەماندا هەیە كە لە ماوەیەكی

## ڕۆژەڤ

# پەرچەكرداره هەڵەكان بەرامبەر چارلی هێبدۆ

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

«پەرچەكرداره هەڵەكان بەرامبەر چارلی هێبدۆ» سەردێڕی یەكێك لەو دەیان وتارەیە كە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لەسەر ڕووداوە تیرۆریستییەكەی فەڕانسە بڵاوی كردوونەتەوە. لە سەرەتای ئەم وتارەدا كە لە لایەن دەستەی سەرنووسەری خودی ڕۆژنامەكەوە نووسراوە، هاتووە: «ڕێبەرانی ئەورووپا بە حەق لە هەوڵدان بزانن دەبێ چی بكەن تا پێش بە هێرشگەلێكی تیرۆریستی هاوشێوەی كۆمەڵكوژی ئەمدواییانە لە ڕۆژنامەی ڕەخنەگری فەڕانسی، چارلی هێبدۆ بگرن. بەداخەوە هەندێ لە سیاسەتڤانەكان جۆرە سانسۆرێكی ئینتێرنێتی و لەژێرچاودێریدانان پێشنیار دەكەن كە زۆر كاریگەرییان لەسەر پاراستنی شارۆمەندان نابێ بەڵكوو زیاتر ئازادییە مەدەنییەكان بەرتەسك دەكەنەوە.»

دواتر ئاماژە بەوە كراوە كە وەزیرانی ناوخۆی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا «داوایان لە دابینكەرانی ئینتێرنێت كردوە كە ئەو دەقە ئانلاینییانەی كە هانی ڕق و كین و تیرۆر دەدەن بناسن و ڕایبگەیەنن. وەزیرەكان هەروەها داوایان لە یەكیەتی ئەورووپا كردووە كە دەست بكات بە لەژێرچاودێریدانانی و خەزنكردنی زانیارییە پەیوەندیدارەكان بە هاتوچۆی موسافیرە ئاسمانییەكان.»

لە بەشێكی دیكەدا هاتووە: «دابینكەرانی خزمەتگوزاری ئینتێرنێت نە ستاف و نە شارەزایی دیاریكردنی ئەوەیان هەیە كە چ ناوەرۆكێك ڕەنگە هێرشی تیرۆریستی لێبكەوێتەوە. هەر بۆیە دەسەڵاتێكی گشتگیر بۆ سانسۆری زانیارییە پەیوەندیدارەكان بە تیرۆریسمەوە ڕەنگە ئەم پیشە ناچار بكات زۆر وریاتر و بەپارێزتر كار بێت و ببێتە هۆی ڕاگەیاندنی ئەو زانیارییانەی كە ڕەنگە توند بن بەڵام هێرشیان لێنەكەوێتەوە. لە ڕاستیدا، دابینكەرێكی خزمەتگوزاری ئینتێرنێت ڕەنگە ڕاپۆرت لە كاریكاتێرگەلێكی ڕەخنەرانەیش لەو جۆرەی چارلی هیبدۆ بڵاویان دەكاتەوە، بدات.

لە لایەكی دیكەوە، تەنانەت ئەگەر كۆمپانیاكانی ئینتێرنێت ئەو ڤیدیۆ و پرۆپاگاندانەی بە هۆی گرووپە تیرۆریستییەكانەوە بەرهەم دێن، لەسەر ڕایەڵەیان بسڕنەوە، ئەوا ئەمەش ڕاست نابێتە هۆی پێشگرتنی ئەورووپاییەكان لە دۆزینەوەی ئەو زانیارییانە. لایەنگرانی تیرۆریست دەتوانن بە ئاسانی بە هۆی ڕایەڵە تاكەكەسییەكانەوە دەستیان بەو ناوەرۆكە قەدەغەكراوانە ڕابگا یان لە خزمەتگوزارییە پرۆكسییەكان كەڵك وەربگرن كە دەرەتان بۆ بەكاربەران دەرەخسێنێ كە وابنوێنن لە وڵاتێكی دیكەدان، وڵاتێكی وەك ئەمریكا كە یاساكانی ئازادیی بەیان لەوێ زۆر بەهێزترن.»

لە پاراگرافی كۆتاییدا هاتووە: «بە دڵنیاییەوە دەوڵەتەكان دەتوانن و دەبێ لە ڕێگەی كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئامانجەكان، لە پێناو ناسینی هەڕەشەكان و پێشگرتن بە هێرشە تیرۆریستییەكان هەنگاو هەڵگرن. بەڵام هۆكاری باش هەیە بۆ بڕواكردن بەوە كە سانسۆری بەرین و لەژێرچاودێریدانانی زۆربەچاو تەنیا ئازایی تاكەكەسی بەرتەسك دەكاتەوە و تەنانەت ڕەنگە ئاسایشیشمان كەمتر بكاتەوە.»

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

نیزیکدا کۆبوونەوەی دوو دەفتەری سیاسی هەر دوو لا بگرین و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا جارێکی دیکە دانیشتن بکەین بە حوزووری بەڕێز کاك خالید عەزیزی و خۆم بۆ ئەوەیکە لەوێدا جارێکی دیکە ئەو مەسەلانەی کە تاکوو ئێستا باسمان کردووە و ئەو کۆسپانەی کە لە سەر ڕێگان، ئەوانە تاوتوێ بکەین، هێندێك لە ڕابتە لەگەڵ ئەو مەسەلەدا چووینەتە پێشێ، حەرەکەتەکە ئێدامە دەدەین، بەڵام ئەوە مەسەلەیەك نییە کە بە پەلەپەل و بە کەمپێن و ئەوانە جێبەجێ بێ، تەبیعەتەن ئەوانەی لە کەمپێنەکەدا بەشدارن، هەر کەسێك بێ ، یەکگرتوویی ، بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتی پێخۆشە، ئێمەیش هەروەکوو ئەو خەڵکە ئەوەمان پێخۆشە، چوونکە بەرپرسایەتیمان لە سەر شانە، زیاتریش هەوڵ دەدەین، بەڵام ڕەنگە هێندێك وردەکاری هەبێ کە هەموو خەڵکەکە لێی نەزانن، بەڵام ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئیرادەمان ئەوەیە کە ئەو مەسەلەیە بەرینە پێشێ و چارەسەری بکەین، هیواداریشین کە بە نەتیجەیەك بگات کە هەموو خەڵکەکەمان پێ دڵخۆش بن.

**پرسیار: ئەو ئیرادەیە چەندە بەهێزە لە لایەنی بەرانبەرەوە یان ئەسڵەن هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، دڵسۆزان و لایەنگرانی یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات هەیە؟، چ خەبەرێکی خۆش یان هەواڵێکی خۆشت هەیە لەو پێوەندیەدا؟**

**و:** ئەوەیکە لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە دەتوانم باسی بکەم، تاکوو ئێستا بە بۆچوونی من ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ هەنگاو هەڵگرن بۆ ئەو مەسەلەیە و تەبیعەتەن ئەو مەسەلەیە پێویستی بە ئیرادە و گوزەشتی هەردووك لا هەیە و ئۆسوولەن جەوهەری وتووێژ بریتییە لە ئەوەیکە هەر کەسە بتوانێ لە ویست و داخوازییەکانی خۆی بڕێك دابەزێ تاکوو بە نەتیجە بگەن دەنا ئەگەر هەر لایەنێك قەرار بێ فەقەت لە سەر ویست و داخوازییەکانی خۆی پێ دابگرێ بێگومان هیچ وتووێژێك بە ئاکام ناگات، ئێمەیش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە وارێدی ئەو وتووێژە بووین و پێمان وایە کە ئەگەر لە سەر مەسەلە مەبدەئییەکان بە تەوافۆق بگەین کە من هیوادارم بە تەوافۆق بگەین، باقی وردەکارییەکانی دیکە دەتوانین ڕێگاحەلی مەنتقییان بۆ ببینینەوە.

**پرسیار: پرسیارێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بە گشتی مەترەحی دەکەم، ئەویش پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە هەیە، ماوەیەکە لە هێندێك لە ڕاگەیاندنەکانی کوردی و تەنانەت ئەوانەی دیکەیشدا دەبیسین باس لە ئایندەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان واتە باشووری کوردستان دەکەن کە بە کانتۆن بکرێ، کە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە، لێرەیشدا ئەو تەرحە پیادە بکرێ، تەنانەت بە ئاشکرا باس لە شەنگال و تا ڕادەیەك کەرکووك، سلێمانی و قەندیل و ئەوانە دەکرێ، هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا چییە؟**

**و:** لە ڕاستیدا هەڵوێستی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی حیزبی دێموکرات و فەعالیەت و تێکۆشانی ئێمە لە ئەو بەشەی کوردستان کە بۆ خۆمان لەوێین و خەڵکی ئێمە لەوێیە، بە مانای ئەوەیکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە خەڵکی هەر بەشێك لە کوردستان، ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر بەشێك لە کوردستان، ئەرکیانە، وەزیفەیانە لە پێوەندی لەگەڵ چوارچێوەی ئەو بەشەی کە تێیدا دەژین، کار و تێکوشان و فەعالیەتی خۆیان درێژە بدەن بۆ ئەوەیکە بتوانن خەڵك لە ژێر باری زوڵم و زۆر و ستەم ڕزگاری بێ، ئێمە ئەو سیاسەتە بە دروست دەزانین و پێمان وایە کە هەر بەشێك لە کوردستان، دەبێ بۆ ڕزگاری خۆی تێبکۆشێ، لە عەینی حاڵدا ئێمە وەکوو ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆن لە هەر بەشێکدا چوونکە باوەڕمان وایە کوردستان یەك وڵاتە، کورد یەك نەتەوەیە، ئەگەر لە سەر ویست و داخوازی هەر بەشێك، داوایەك کرا بۆ یارمەتیدان، ئامادە بین یارمەتی بدەین. ئەو یارمەتیدانە بە مانای دخاڵەت نییە، بە مانای یارمەتیدانە لە سەر داخوازی خەڵك، لە سەر داخوازی حیزبە سیاسییەکان کە لە هەر بەشێکی کوردستان نیشتەجێن، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە ئێمە وەزیفەمانە، هەمووومان، لە هەموو بەشەکاندا، هەوڵبدەین یارمەتیدەری یەکتربین نەك موداخلە بکەین لە کاروباری یەکتریدا، من پێم وایە ئەو سیاسەتەیە کە دەتوانێ خزمەت بە دۆزی نەتەوەی کورد بکا لە هەموو بەشەکاندا و لە نەتیجەدا بە هەموو کورد. بۆیە ئەو خەبەرەی کە بڵاو بوویەوە هیوادارم کە سیاسەتێکی گشتی حیزبێك نەبێ، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، من ئەوە بە زەرەری کورد دەزانم، نەك هەر لە کوردستانی باشوور بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا کە وای لێ بێ بەشێك، لایەنێك، لە بەشێکی کوردستاندا بیهەوێ بڕیار بدات بۆ چارەنووسی بەشەکانی دیکەی کوردستان. من ئەوە نە لە باری سیاسییەوە، نە لە باری واقعییەوە بە دروستی نازانم، ئیجازە بدەین با هەر بەشەی کوردستان بۆ خۆی فەعالیەتی خۆی بکا، بە تایبەتی موقعیەتی ئێستای حکوومەتی هەرێم و کوردستانی باشوور دەبێ هەموو لە بەرچاوی بگرین کە لە موقعیەتێکی زۆر حەساس دایە، ئێستا لەگەڵ دوژمنێکی وەکوو داعش لە شەڕ دان، گیروگرفت و موشکلاتی ئابووریان هەیە، ئێمە هەموومان دەبێ سەعی بکەین کە نەك هەر گیروگرفتیان بۆ زیاد نەکەین بەڵکوو ئەگەر شتێکمان لە دەست دێ، لە ڕێگای یارمەتیدان و کەم کردنەوەی کۆسپەکانیان تێبکۆشین.

هیوادارم کە ئەو گیروگرفت و موشکلاتەی کە لە نێو حیزب و لایەنەکانی کوردی لە هەموو بەشەکاندا جار جار دەبینرێ، کە بۆ خۆی تەئسیراتی زۆر مەنفی داناوە لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کارەکان لە هەموو بەشەکاندا و لە نەتیجە لە سەرانسەری کوردستاندا، لەو مەوقعیەتە حەساسەدا کە هەموومان تێیدا گرفتارین و هەر لایەنەی بە جۆرێك لەگەڵ گیروگرفتی نێوخۆیی بەشەکەی خۆیدا ڕووبەڕوویە، بتوانین هەموومان بە هەستێکی نیشتمان پەروەری و نەتەوەییەوە یارمەتیدەری یەکتر بین، کۆمەك بە یەکتری بکەین کە لە واقێعدا کۆمەك کردنە بە خۆمان.

# سیاسەتی «بێ نەرخ کردنی گیانی مرۆڤەکان» لە کۆماری ئیسلامیدا

**هادی عارفی**

کوشتن و سڕینەوەی جەستەیی تاک بەبێ هیچ گومانێک تەنیا لە سیستمی ڕەهای دیکتاتۆری دەوەشێتەوە و لەبەر زەبوونی و نەزانی پەنا بۆ ئەو جۆرە سزایە دەبات، کە ڕێژیمی ئیسلامی لە کاتی هاتنەسەرکارییەوە (ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی) دەرهەق بە ئازادیخوازان و جیابیران پەیڕەوی دەکات.

دژایەتی خواوەند و شەریعەتی ئیسلام، نیزامی ئیسلامی و تەناهیی نەتەوەیی، پاساوگەلێک بوون کە ڕێژیمی جەماران بۆ کوشتنی جیابیران و ئازادیخوازان کەڵکی لێ وەرگرتووە، ئەوەش ستراتژییەک بوو، کە ڕژیم بۆ چاوترساندنی خەڵکی ئازادیخواز و پاشگەز کردنەوە لە داخوازییەکانیان، لە ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتەکەیەوە بەکاری هێناوە.

بە بڕوای زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی، ڕێژیمی ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە سزای لەسێدارەدان هەتا ڕادەیەکی زۆر لە سیاسەتی چاوترساندنی خەڵکدا سەرکەوتوو بووە، هەرچەند لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەشدا ئیرادەی شۆڕشگێڕانە کۆڵی نەداوە و تینویەتی بۆ ئازادی، هەوێنی بەردەوامبوون بووە بۆ بە چۆکداهێنانی ئەو سیاسەتە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ڕێژیمی ئیسلامی لە ڕێگەی ئەم لەسێدارەدانەوە سامانێکی ئێجگار زۆری مرۆیی، لە ڕێبەرانی بزافی، فکری، مەدەنی، خوێندکاری لە کۆمەڵگە ئەستاندووە، کە هەموویان لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ خودا، تەناهیی نیزامی ئیلاهی «ویلایەتی فەقیهـ» و هەروەها لە شوێنەکانی وەکوو بەلووچستان و پارێزگای خووزستان بەشێک لەو چالاکانە لەژێر ناو و ناتۆرەی «بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان»دا لەسێدارە دراون.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە، ڕوون دەبێتەوە کە ئەم سیاسەتی ترس و تۆقاندنە، فاکتەری بەهێزی مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامی بووە، چونکە ڕێژیم بەم شێوەیە تێچووی خەباتی سیاسی، مەدەنی و هتد ... بردۆتە سەرەوە و لە ئەنجامدا نارازییان و ئازادیخوازان لەژێر کۆمەڵێک بوختان و ناو و ناتۆرەی هەڵبەستراودا لە سێدارە ئەدات.

لەسێدارەدانی زیندانیان لە بەرچاوی خەڵک، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر تۆقاندن و بڕەودان بە چاوترسێن کردنی چالاکان هەبووە، هاوکات مرۆڤدۆستی و بەزەیی ئینسانەکانیشی کەم کردۆتەوە و یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگەشدا بووە و کاریگەریی نگەتیڤی لەسەر باری دەروونی خەڵک و بەتایبەت منداڵان و مێرمنداڵان داناوە.

ناوەندەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئامانجی خۆیان لە بەڕێوەبردنی سزای لەسێدارەدان لەبەر چاوی خەڵک بۆ عیبرەت وەرگرتنی خەڵک دەگەڕێننەوە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی چاو لە دیمەنی لەسێدارەدانی کەسێک دەکەن، زیاتر بیر لە شێوەی مردنی ئەو کەسە دەکەنەوە و هەتا ماوەیەک ترس لەو شوێن و شارەی کە سزای لەسێدارەدانی لەبەرچاوی خەڵکی تیدا بەڕێوەچووە، زاڵ دەبێت و بۆ درێژماوە لە بیر و زەینی هەموو خەڵک و بەتایبەت منداڵاندا دەمێنێتەوە.

بە بڕوای چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاتێک هەموو ڕۆژێک لەپێش چاوی خەڵک و بەتایبەتی منداڵان، کە نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەن، مرۆڤ دەکوژرێ و گیانی لێ ئەستێندرێ، لەم نێوانەدا بەها سەرەکییەکان کە گیانی مرۆڤ لەسەرروو هەموویانەوەیە، بێ بایەخ دەکرێ و ئەمەش ڕاستەوخۆ سەندنەوەی ئیرادە لە خودی خەڵکەو شکاندنی وەرەی کۆمەڵگەیە، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا سەندنی گیانی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگەدا دەبێتە ڕەوتێکی ئاسایی و هەر بۆیە سیستەمی ڕەهای ئیسلامی ئاخوندی لە سیاسەت و گوتاری کوشتن و سڕینەوە بەردەوامە و پاشگەز نابێتەوە.

یاری و کایەی لەسێدارەدان، دیارییەکی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ منداڵان بووە و ساڵی ڕابردوو دوو منداڵی تەمەن ٧ و ٨ ساڵ لە دوو گوندی پارێزگاکانی کرماشان و شیراز، لەگەڵ هاوڕێ منداڵەکانیان لاسایی لەسێدارەدانیان کردۆتەوە و لە ئەنجامدا خنکاون.

مێهران یووسفی تەمەن ٨ ساڵ وخەڵکی «کڵاشی لۆلم»ی سەربە شاری جوانڕۆ و «محەمەد ئاشووبی» تەمەن ٧ ساڵ و خەڵکی شارەدێی «فیشوور» لە ئوستانی شیراز ئەو دوومنداڵە بوون، کە بوونە قوربانیی سیاسەتی «بێ نەرخ کردنی گیانی مرۆڤەکان» کە لەلایەن ڕژیمەوە پەیڕەو دەکرێت.

ئەحمەد شەهید لە نوێترین ڕاپۆرتیدا کە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ (١٣٩٣) بڵاوی کردەوە، هێمای بۆ ئەوە کردووە، لە کاتی هاتنە سەر کاری حەسەن ڕۆحانییەوە ٨٥٢ زیندانی لە وڵاتی ئێراندا و زۆربەیان بە تۆمەتی «موحاربە (شەڕ لەگەڵ خودا)» لە سێدارە دراون، کە زۆربەی لە سێدارە دراوان هاووڵاتییانی سەربە نەتەوە جیاجیاکانی ئێران بوونە و زیاتر لە ٨ کەسیش کە لەو ماوەیەدا لەسێدارە دراون، تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵدا بووە.

ڕێژیمی ئیسلامی لە ڕێگەی لەسێدارەدان لە بەرچاوی خەڵکەوە دەیهەوێ بڵێت، کە ڕێز بۆ هیچ ئیرادە و مافێکی خەڵک دانانێ و ئامادەن لە پێناو مانەوەی خۆیان و پەرە پێدان بە گوتاری خۆیاندا، پەنا بۆ هەموو کارێک ببەن.

بەپێی ئامارێک کە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە کۆتایی یەکساڵەی یەکەمی دەوڵەتداریی حەسەن ڕۆحانی بڵاوی کردەوە، ٤٠ کەس لە شارە جیاجیاکانی وڵاتی ئێراندا بە بڕیاری دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمە، لەژێر ناو و ناتۆرەی «دەستدرێژیی جنسی و کوشتن»دا لەسێدارە دراون.

خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە، کە ماوەی ٣٥ ساڵە ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران بە بەڕێوەبردنی سزای سەدە ناوەڕاستیی وەک: لەسێدارەدان، بڕینەوەی دەست و لاقی تۆمەتباران، لە خاچدان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، ڕەجم و بەردباران کردن و قامچی لێدان لە وڵاتی ئێراندا پەیڕەو دەکات و لەگەڵ ئەوەیکە ئەو شێوە سزا توندوتیژانە، نەیتوانیوە هیچ کێشەیەک لە وڵاتی ئێراندا چارەسەر بکات، بەڵام سیستەمی ئیجرایی و قەزایی ئەو ڕژیمە پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە شکست خواردوویەیان دەکەنەوە.



# پێشمەرگە
## ناوێکە هەرگیز خەوشدار نابێت



**چەکۆ ڕەحیمی**

ناز نـاوی «پێشـمەرگە» بۆ یەکەم جار، لە بارەگای پێشـەوای مەزنی کورد «قـازی محەمەد» یەکەم سـەرکۆماری کوردستان لە سـاڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، بۆ ڕۆڵـەی کورد کە لە پێناوی وەدەسـت هێنانی موژدەی ئازادی، دادپـەروەری و ڕزگاری لەژێردەستیی و ستەمی نەتەوایەتی گەلی کورد، گیانـی خۆی فیدا دەکات، دیاریکرا.

مرۆڤ گیانلەبەرێکە کە خاوەنی عەقڵ وئەندێشەیە، بەئازادی و بە بێ کۆت و بەند لە دایك دەبێت و لە کاتی مردنیشیدا بە ئازادی دەچێتە ژێر خاکەوە. تەمەنی مرۆڤ کورتە، لە مـاوەی ئەم کورت تەمەنییەیدا، مەرج نییە چەندە بژیت، پێشـینیان گوتوویانە:«چـۆن بژی شـەرتە، نەوەك چەندە بژی».

مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕووداو و دیاردەکانی کە بەسەر هەموو تاك و نەتەوەکانی کە لە سەر گۆی زەوی ژیـاون و دەژین پێکهاتووە، کە هەر یەکیان بە پێی باروودۆخی ژینگە، داب و نەریت، ڕەگەز، زمان وخاك، لە چوارچێوەیەکـی جوگرافیاییدا کۆمەڵگایان پێك هێناوە و هەوڵیان داوە بـە بەختـەوەری و ئـازادی بژیـن. کەم نین ئـەو تاکانەی کە لە قۆناغی جۆراوجـۆری ژیانی مرۆڤایەتیدا بۆ مسـۆگەرکردنی ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی، بۆ ئاسـایش و بەختەوەری لە دژی ستەمکاران، خەباتیان کردووە، ناو و ناوبانگێکیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگا و نەتەوەکەیان لە مێژوودا تۆمارکردوە، ئـەوان وەکوو (پاڵـەوان، قارەمان، وڵاتپارێز، شۆڕشـگێڕ، گیانفیدای گەلان و......هتد) ناسراون و ناویان بە باشی لە مێژووی نەتەوەکەیاندا ماوەتەوە و ڕێزیان لێدەگرن.

گەلـی کوردیـش یەکێـك لەو نەتەوانەی سـەرگۆی زەوییە، کە لە چوارچێوەیەکی جۆگرافیایی بە ناوی«کوردستان» ژیاوە، بە هۆی چەند شـەڕی گەورەی ناوچەیی خاکەکـەی بـە سـەر دوو وڵاتدا دابـەش کرا و لەو کاتـدا خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە هۆی ڕۆڵە دڵسـۆزەکانی دەستی پێکرد و بـەردەوام بوو تاکوو لە سـەدەی بیسـتەمدا دوای کۆتایی پێهاتنی شـەڕی دووهەمـی جیهانی، بە هۆی دابەشـکردنێکی ناعادڵانەی نێونەتەوەیـی وڵاتی کوردسـتان بەسەر چوار وڵاتی (ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق) دابەش کرا و ئەو دابڕانانە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی هزر و بیری نەتەوایەتی و وشیاری گەلی کورد.

مێـژووی جووڵانـەوەی گەلی کورد پـڕە لە دەیـان بزووتنەوە کە لە ناوچـە جۆراوجۆرەکانی هەموو پارچەکانی کوردسـتان سـەریان

> **خەڵک پێشمەرگە بە پارێزەری خاک و نیشتمان، پارێزەری ئابڕوو و نامووسی کورد دەزانن**

هەڵدا و گەلی کورد بە گشـتیی پشـتیوانییان لـە بزووتنـەوەکان دەکرد، دەسـەڵاتدارنی فەرمانڕەوا نـاو و ناتـۆرەی جۆاروجۆریان بە ڕێبەرانی بزووتنەوەکان هەڵدەبەست و دووبەرەکییان دەخستە نێو خەڵکەوە، کێشەیان دروست دەکرد و جیاوازییان لە نێـو خەڵکدا درووسـت دەکرد، لەو دەرفەتـە کەڵکیان وەردەگرت و کەسانی نەفسـنزم و دەستەمۆیان ڕێك دەخسـت و چەکداریان دەکردن و بۆ شەڕ کردن لە دژی ڕۆڵەکانی کـورد وە بەر خۆیـان دەدنا، کە لە نێو خەڵکدا بەو کەسـانە خۆفرۆش و جاش دەگوتـرا و لە ناو خەڵکدا بێزراو و ناحەز دیار بوون.

لە بەرانبـەردا ئـەو ڕۆڵانەی لـە بزووتنەوەدا بەشـدار بوون، لە نێوخەڵکـی کوردسـتاندا ڕێـز و حورمەتـی تایبەتیان لـێ دەگیرا و وەك قارەمـان و گیانفیدا ناویان دەهێنـان یـان بە نـاوی هۆز و عەشـیرەتی خۆیان ناودێر کرابوون. کە لە سەر زمانی خەڵك و نووسراوە ، هۆنـراوە و ئـاواز و مەقاماتی کوردی لە نێو کۆمەڵگادا بە باشی باسیان لێدەکرا.

شەڕی دووهەمی جیهانی بوو بە هۆی ڕاپەڕینی نەتەوەیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانـدا ، ڕووناکبیرانی گەلی کورد بـە پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخستنی ڕووناکبیری، درێژەیـان بە خەباتـی مەدەنی و ڕووناکبیـری دا، سـەرەنجام لـە سـاڵی ١٣٢٤ی هەتـاوی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران لە شـاری مەهاباد دامەزرا، نازناوی پێشـمەرگە بۆ ئەو کەسەی کە لە پێناوی وەدیهێنانـی ئامانجەکانی گەل و نیشتمان گیانی خۆی بەخت دەکات دیاری کرا. پێشـمەرگە لە بەڕێوەبردنی ئاسایش و هێمنایەتی نێـو کۆماردا ، بە هۆی ڕەوشـت و کـردار و هەڵسـووکەوتی باش لەگـەڵ خەڵك و چوونکە ناوێکی دیاریکـراوی کوردانە بوو و هاوردە نە کـراو بوو، لـە ماوەیەکی زۆر کورتدا، کەوتە سەر زمانی گەورە و بچووکی کورستانەوە و پاشان هۆزی بارزانیش کە وەك هێزی سـەرەکی پارێزگاری کۆمار لە کوردسـتانی عێراقـەوە بەشداربوون، نـاوی پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ تاکەکانی هێزەکەیـان دیاری کـرد و ناوی پێشمەرگە سـنووری کوردستانی ئێرانی بڕیـی و هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی دیکەی لە دوایبدا لە کوردستانی ئێران و عێراق پێکهاتن، ناز ناوی پێشـمەرگەیان بۆ تاکەکانی هێـزە چەکدارەکانیان دیاری کرد. ناوی پێشـمەرگە لە ماوەیەکی کورتدا کەوتە نێو هۆنراوە و مقامات و شـیعری شاعیران و هەڵبەستەکانی کوردەواری، ناوەکەی بۆ چەکدارانی دوژمن تۆقێنەر بوو، هەر بۆیە ڕێژیمەکان ناو و ناتۆرەی زۆریان سـاز دەکرد و دەیان خستە پاڵ ناوی پێشـمەرگەوە و لە ژێر ناوی (ئاژاوە چی، پیاوی بێگانە، دژی شۆڕش، تێرۆریست، شاخی، چەتە و....هتد)بە دەرەوە دەناساند، سەرەڕای ئەوەش ئەو ناو و ناتۆرانە خۆشەویستی پێشـمەرگەی لە نێو خەڵکی کوردسـتاندا کەم نەکردەوە وبەڕێزتـر بوو، لـە هەمبەردا ئەوە جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژێم بوون ناخۆشەویسـتر و بێزراوتر دەبوون. چونکە خەڵك پێشمەرگە بە پارێزەری خاك و نیشتمان، پارێزەری ئابڕوو و نامووسی کورد دەزانن، چاوساغان و بە کرێگیراوان بە جاش و نیشتمان فرۆش و خائین دەناسن، کە لە پێش چـاوی وان ڕێژێم لە کوردسـتان جینایەتەکانی بەڕێوە دەبات و ئەوان هاوکارییـان دەکەن و هەموو کون و کەلێنێکی (شاخ ، لێرەوار ، چەم و دۆڵ ، ڕێگا و بانەکانی کوردستان) یان پێ دەناسـێنن، بۆیە بۆ گەلی کورد و هەموو دڵسـۆزیکی کورد دەبێتە پرسـیار کە (ئەرێ ئەوانەش بەشـێك لە گەلی کـوردن یان لە ڕەگـەز و نەتەوەیەکـی دیکەن کە خۆیان خزاندۆتە نێو کوردستانەوە؟) کـە بە گۆڕینی هەر دەسـەڵاتێك سەر لە نوێ دەبنەوە بەکرێگیراوی دەسەڵاتی نوێ؟

کۆماری ئیسلامیش بە لاسایی کردنـەوە لە ڕێژێمەکانـی ڕابردوو ، دوای بـە دەسـتەوە گرتنـی دەسـەڵاتەکەی، کۆمەڵێك لە جاش و بە کرێگیراوی ڕێژێمی پێشـوو، سـەر لە نوێ بوونـەوە بە جاش و چاو ساغی کۆماری ئیسلامی.!! کۆمـاری ئیسـلامی هـەر بەوە قەناعەتی نەهێنـاوە و گرووپ و تاقمی جۆاروجـۆری لە ژێر ناوی ڕووناکبیر ، شاعیر، نووسەر، مقام بێژ و...هتد ڕێکخستووە و بەناوی خەباتی فەرهەنگییەوە، هەناردەی نێـو کۆمەڵـگای کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتانیان کردوون بۆ، چەواشـەکاری و دەسـتێوەردان لە فەرهەنگ و کولتۆری کوردەواری و نووسـینی مێژووی کوردەواری. هەروەهـا زۆرجـاران ڕێژێـم بۆ بەدناو کردنی پێشـمەرگە، جاش و پاسـدارەکانی بە جلی هاوشێوەی پێشـمەرگەو ناردۆتـە ناوچەکان، بەشـێوەی ناحەز و توند و تیژییەوە لەگەڵ خەڵك هەڵسووکەوتیان کردووە ، بەڵام ئەوەندە ناشیانە جووڵاونەتەوە کە بەزوویی پتەیان کەوتۆتە سـەر ئاو ، خەڵك ڕاویان ناون.

سـەرەڕای ئەو هەمووە بەربەست و کۆسـپانەی کـە دام و دەزگا سـەرکووتکەرەکانی ڕێژێـم کە بە هـۆی بەکرێگیرانـەوە بۆ خەڵك و کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکیـان هێناوە، گەلـی کورد لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات ئێستاش وشەی «پێشـمەرگە»ی لە سەر

> **ڕەوڕەوەی خەباتی بێوچانی گەلی کورد بەردەوامە و هەر درێژەی دەبێت و کورد هەر خاوەنی ئەو خاکە پیرۆزە دەبێت**

زمانـە و لای خۆشەویسـتە و لە دۆخی ئێستاشـدا کە پێشـمەرگە بە کردار و هەڵوێسـت و کردەوەی باشـیەوە، بەرەوڕووی هێرشـێکی دڕەندانەی خیلافەتی ئیسـلامیی تیرۆریسـتان بۆتەوە، سـەرەڕای بەرگری ڕاستەقینە، بۆتە پارێزەری ئـاوارەکان بە هەموو دیـن، ئایین و ڕەگـەزی جیـاواز و تەنانـەت لەگەڵ دیلەکانیش بە شـێوەیەکی مرۆڤانە دەجووڵێتەوە، هێندەی دیکە خۆشەویسـتری کـردووە و بوونەتە مایەی گەورەیی و سـەر بڵیندی فرەتری گەلی کورد لە جیهان و لە نێو گەلاندا.

ڕەوڕەوەی خەباتـی بێ وچانی گەلـی کـورد بەردەوامـە و هەر درێژەی دەبێت و کورد هەر خاوەنی ئەو خاکە پیرۆزە دەبێت، ئەوە ڕێژێمە دژی گەلیەکانـن ، یەك لە دوای یـەك دادەڕمن و دەچنـە زبڵدانی مێژووەوە و پێشـمەرگەی شـاخ و ئاژاوەگێڕ و پیاوی بێگانە، جێی وان لە پایەتەختەکاندا دەگرنەوە ، دەبنە سەمبول و نموونەی سیاستمەداری و پێکـەوە ژیـان و پێکهێنانـی کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیك.

نـاوی پێشـمەرگە لـە دۆخی ئێستادا ، بە هۆی خۆڕاگری بێی وچانی لە هەمبەر تیرۆریسـتاندا کوردسـتانی پاراسـتوە، بە ئازا و سادق و شـێلگیرترین بەرگریکاران ناسراوە، ناوی سنوورەکانی جیهانی بڕیوە و نازناوەکەی کەوتۆتە سـەر وێردی زمانـی هەموو نەتەوەکانی جیهانـەوە. ئـەو ناوبانگە، زڕاوی دوژمنانی کـوردی تۆقاندوە و بە ناچاری هانایان بردۆتە، سەر ئەوەی ناو و ناتۆرە بۆ پێشمەرگە سازکردن، کە کاریگەرێکی ئەتۆیان نەبووە لە نێو خەڵکی کوردستان و جیهاندا.

لە کۆتایی دا: با بەکرێگیراوان و چاوسـاغان و نیشتمانفرۆشەکان، لـە خەو وەخەبەر بێن، ئەوەی کە لە بەرژەوەندی کورد و کوردسـتاندایە ڕەچـاو بکـەن، بـا منداڵەکانیان لە نێـو کۆمەڵگا و پێشـمەرگەدا شەرمەزارنەبن.

دایـکان و باوکان. لاوانی(کیژ و کوور)کورد، هونەرمەند، ڕووناکبیر، شاعیر، نووسەر، مامۆستا ئایینی، مامۆستای قوتابخانە و زانستگا، جووتیـار و کرێـکاران، دەوڵەمەند و هـەژاران، وەرزێـڕ و ئاژەڵداران، وەکوو جاران بە پشـتیوانی دارایی و مەعنەوی، پشتگیری پێشمەرگە بکـەن و نازناوی پێشـمەرگە لە هەمـوو بوارەکانی ژیاندا بە گوێی یەکتردا بدەنەوە. خۆ بۆ بەرخۆدان بۆ ڕزگاری یەکجارەکی ئامادە بکەن.

# فاکتەرە ستراتژیکەکان لە هاوسەنگیی سیاسەتی دەرەکیدا

**هەوریلە ـ ناوخۆ**

خاڵی بەهێزیی دەوڵەتێك لە بنەماکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەهێزکردنی وڵاتە لە ئاستی سیستمی نێونەتەوەییدا کە پەیوەستە بە یاسا و ڕێسا و بنەماگەلێکەوە لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییدا.

ئەوەی لەم بەینەدا ڕۆڵی دیاریکەر دەبینێ سنووربەندیی بەها نەتەوەییەکانە لە گەمە سەروونەتەوەییەکاندا. پێگەی دەسەڵاتداران وەکوو فەرمی‌ترین سەرچاوەی بڕیاردەر لە سیاسەتی دەرەکیدا بایەخێکی زۆری هەیە کە سەرەتا بە کورتی ئاماژەی پێدەکرێت.

لە بۆچوونەکانی تایبەت بە دەوڵەتدا، تیۆریی دەوڵەت وەکوو دیاردەیەکی کەرەستەئاسا و دەستکرد، جێی باسی ئێمەیە. لەم تیۆرییەدا دەوڵەت دەرئەنجامی کردەوەی ئیرادیی مرۆڤە، دەرئەنجامی ڕێککەوتنێکە لە نێوان مرۆڤەکاندا بە مەبەستی دابین کردنی ئاشتی و تەناهی. داهێنەرانی ئەم بۆچوونە لە ڕۆژئاوا توماس هابز و جان لاك بوون.

هەر وەك ئاماژەی بۆ کرا مەبەست لە درووست بوون و بنیاتنانی نەهادی دەوڵەت دابینکردنی ئاشتی و تەناهییە چ لە ناوخۆی وڵاتدا و چ لەو دیوی سنوورەکانەوە و لە چوارچێوەی سیستمی نێونەتەوەییدا. دەوڵەت سەرەڕای پاراستن یان ئاڵوگۆڕی دۆخی مەوجود و پێکهێنانی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بە سەرنجدان بە پڕشوبڵاوی لە باری جوگرافیایی، کولتووری و نەریتەکان، ئایین و ئایینزاکان، ئیتنیکە جۆراوجۆرەکان و هەروەها ڕێکخستنی باری گوزەران و ئابووری، پەروەردە و ڕاهێنان، تەندرووستی و دەرمان و دەیان بابەتی دیکە، ستراتژی خۆی بۆ بنیاتنانی پەیوەندی دۆستانە و ئاشتیخوازانە لەگەڵ وڵاتانی دیکەش هەیە.

ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتێك هەمان ئامانجی نەتەوەییە کە بریتییە لە ئامانجە ستراتژیکەکان و ئامانجە تاکتیکییەکان. ئامانجە ستراتژیکەکان ئامانجە ئوسوولییەکانن کە لەسەر بنەمای دەسەڵات و هێزی وڵاتێك خۆی دەنوێنێ. ئامانجە تاکتیکییەکانیش ئەو ئامانجانەن کە بگۆڕن و پەیوەندیدارن بە ژینگەی دەوروبەرەوە و بە سەرنجدان بە بەرژەوەندی و دۆخی مەوجود لە لایەن دەوڵەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

هەر دەوڵەتێك بە سەرنجدان بە داهاتووی وڵات ئامانجگەلێك دیاری دەکات و لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانەشدا هەوڵ دەدات و پلانی بۆ دادەڕێژێت و لەم ڕێگایەدا لە ڕێکارگەلێك کەڵك وەردەگرێت کە لە چوارچێوەی ئامانجە ستراتژیك و تاکتیکییەکانیدا دەگونجێت. دەوڵەتە دێموکراتیکەکان نێوەرۆکی خۆیان لە گرەوی بەشداریی چالاکانەی خەڵکدا دەبیننەوە، هەربۆیەش هەموو خەڵکەکەش بە شێوەیەکی سرووشتی لە ڕەوتی چالاکی و پلاندارێژییەکانی دەوڵەتەکەی خۆیاندا جێگر دەبن. لە هەمان کاتدا لەو ڕووەوە کە شکڵی پەیوەندییەکان لە سیاسەتی دەرەکیدا نیشاندەری تێگەیشتوویی و ئاوەزمەندی و دەرفەتناسیی دەسەڵاتدارانە، ئەوان لە دیاریکردنی هەڵوێستەکانی خۆیان لە کاروباری نێونەتەوەییدا لە دوو ڕەوشی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکان و کردەکییەکان کەڵك وەردەگرن بەو مانایە کە هەندێ جار هەندێك ئامانج ڕادەگەیەنن کە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە بەکردەوەی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن جیاوازی هەیە. بە ئاگایی لەوەی کە مەبەستە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان لە ڕەوتی هاتنەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندان، هاندەرە سەرەکییەکانی هەڵسوکەوتی وڵاتەکان لە سیستمی نێونەتەوەییدا کردەوەیەکە لە ڕەوتی پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، چوونکە ڕادەی هێزی دەوڵەتە کە بیاڤی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دیاری دەکات.

هەر لەو ڕاستایەدا وڵاتەکان، بەتایبەتی وڵاتە جیرانەکان لە دروستکردنی پەیوەندی نێوانیاندا، خاوەنی بەرژەوەندیگەلێکن، بەرژەوەندیگەلێکی هاوبەش وەکوو خەبات لە دژی تێرۆریزم و پاراستنی تەناهی و سەقامگیریی لە ناوچەدا. بەرژەوەندی دیکەش لە ئارادان، لەوانە بەرژەوەندیی هاوتەریب وەکوو نرخی جیهانیی نەوت کە دابەزین و بەرزبوونەوەی کاریگەریی وێکچوو و هاوتەریبی لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنەر دەبێت. بەرژەوەندیی جێی ڕێککەوتن کە لە ڕێی گفتوگۆ و دانووستانەوە چارەسەر دەکرێت. بەرژەوەندیی ناتەبا کە وڵاتەکان بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە پێکەوە ناتەبا دەبن و ناکۆکیی بنەڕەتی و بنەماییان دەبێت.

لە ڕەوتی مانایی، گەشەسەندن و بەهێزبوونی وڵاتێکدا و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، وێڕای هەبوونی هێزی نەتەوەیی بابەتی زۆر کاریگەر و دیاریکەر، سازگاربوون لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەییە. ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی ناوەرۆکێکی دژبەرانەیان هەبێت، شانسی سەرکەوتنی کەمتریان هەیە لە کاروباری نێونەتەوەیی و داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی خۆیاندا و هەر لەو ڕووەشەوە خەساری جیددی و بەرچاو بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان دەگەیەنن.

ئەو چەمکانەی کە تا ئێستا ئاماژەیان بۆ کرا، هەموویان خاوەنی ماناگەلێکی یەکپارچە و داڕێژراون کە دەرئەنجامی خوێندنەوە و لێکدانەوەی بیرمەندانی سیاسی و کۆمەڵناسییە. بە سەرنجدان بەو بنەماگەلەی کە باس لە ناوەرۆکی دامەزراندنی دەوڵەت و دابین کردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەکەن، کارکرد و کردەوەی دەسەڵاتداران لە بیرکردنەوە و بڕیاردانەکانیاندا، لە چوارچێوەی باسکراودا، شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

بڕیاردانی ئاوەزمەندانە و بە تەدبیر و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و هاوتەریب بوون لەگەڵ یاساکانی گەمە نێونەتەوەییەکان، هونەری دەسەڵاتدارانی کارا و کارزانە. بەڵام کاردانەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە پەیوەندی و دانووستانی سیاسی و بەشداری کردن لە کۆنفرانسیۆنەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان و بە گشتی شکڵی کاروباری سیاسەت داڕێژیی دەرەکیی دەوڵەت، لە نێوان خەڵکدا و لە ڕاگەیاندنەکانا بە چ شێوەیەکە. ئایا بە سەرنجدان بە بەجیهانی بوونی دنیای ڕاگەیەنەکان و هەواڵ، لە بنەڕەتدا پشتگیری و یان پشتگیری نەکردنی خەڵك و ڕاگەیەنەکان کاریگەرییەکیان لە سەر دەرچوونی بڕیارەکان دەبێت؟ کاراترین کەرەستە و ئامرازی دەستی ئەو دەوڵەتانەی سوود لەو دۆخە وەردەگرن بۆ نانەوەی قڵش و دزەکردن بۆنێو خەڵك و دەوڵەت لە وڵاتانی دیکەدا کامانەن و بەڕێوەبردنەکەی بە چ شێوەیەکە. متمانە و یان نەبوونی متمانەی خەڵك و شرۆڤەکاران بە بەرچاوڕوونی و بیر و بڕیاراتی دەسەڵاتداران لە ڕەوتی بەرژەوەندی خەڵك و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، تا چ ڕادەیەك لە ڕەت کردنەوە یان قبووڵ کردن و تەنانەت قووڵ کردنەوەی ئەو قڵشە و ئەو درزە کاریگەرە.

لە سەردەمی ئێستادا کاریگەرترین و کەم تێچووترین کەرەستە بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستەکان لە ڕەهەندە جیاوازە سیاسی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت نیزامی لە وڵاتی دیاریکراودا، نانەوەی شەڕی دەروونییە کە دەرئەنجامەکەی درووستبوونی دۆخێکی شڵەژاو و ڕووخێنەرە کە هاوکات بێ‌متمانەیی و دەربڕینی نارەزایەتی لە بڕیاراتی سیاسی دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە، ئەم گەمە کردنە بە بیروڕای گشتی، دەسکەوتی گرینگی شەڕی دەروونییە. کەڵك وەرگرتنی پلان بۆ داڕێژراو لە پڕوپاگەندە لە ڕێی کەرەستە کاریگەرەکان وەك ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، چاپەمەنی و ڕاگەیەنە مەجازییەکان بە مەبەستی بە لاڕێدا بردنی بۆچوون و گومان خستنە سەر بیرو بۆچوونی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە ڕادەی هێزی دەوڵەتەکەیانە. شکڵ دان بە بیروڕای گشتی گرینگترین مەبەستی شەڕی دەروونییە کە زۆرێك لە بیرمەندان ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەریی نکۆڵی هەڵنەگری ئەو شەڕە لەسەر ڕەوتی دانووستانە سیاسییەکان دەکەن.

لە کۆتاییشدا ئاماژەیەك دەکەین بە وتەیەکی وینستۆن چێرچیل کە هەمووان وەکوو دیپلۆمات و دانووستانکارێکی کارای مێژووی هاوچەرخ دەیناسن، ئەو سەبارەت بە کاریگەریی شەڕی دەروونی لە کۆمەڵگادا دەڵێت: «زۆر ڕووی داوە کە شەڕی دەروونی ڕەوتی مێژووی گۆڕیوە».



# ململانێی باندە مافیاییەکانی نێو ڕێژیم و ئامانجەکانیان



**دارا ناتق**

هەروەك ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیدا، وەلی فەقیه کە خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر ڕووی زەوی دادەنێت، لە جیاتی گشت خەڵکی وڵات بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات و هەموو دەسەڵاتەکانی وڵات لە پاوانی ئەودان و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی پشت بە دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانی وڵات و بە تایبەتی سپای پاسداران بەستووە. سپای پاسداران کە لە دوای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، بە هێزێکی پەراوێز خراو و سەرلێشێواو دەبینرا، خامنەیی بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی وەك فەرماندەری گشتی هێزە سەربازییەکان، توانی مۆرەکانی جێی متمانەی خۆی لە ئاست بەرپرسە باڵاکانی سپادا جێگیر بکات و هەروەها دەرفەتی لەبار بۆ بەشداری پێکردنی سپا لە بوارەکانی ئابووری، ئەمنییەتی، ئیتلاعاتی، فەرهەنگی و سیاسیدا بڕخسێنێ و بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە لە ئێستادا ئەو هێزە سەرکوتکەرە دەستێکی باڵای لە ئیدارە کردن و سیاسەتگوزاری وڵاتدا هەیە. بێگومان مەبەستی خامنەی لەو ستراتێژییە، دروستکردنی ئۆرگانێکی ئەمنییەتی و سەرکوتکەری بەهێز لە بەرامبەر دەوڵەتدا بوو تا وەکوو هەرکات کە پێویست بوو بتوانێت لەو ڕێگایەوە سەرکۆمار و کابینەکەی کونترۆڵ بکات و لە لایەکی دیکەوە بۆ سەرکوتی هێزە ئازادیخوازەکان و نەیارانی خۆی و پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی لەو هێزە مافیاییە کەڵك وەربگرێت.

لە ئێستادا دەبینین کە خامنەی بە پاڵپشتی و بەهێزکردنی دام و دەزگا ئەمنییەتی و داپڵۆسێنەرەکانی، ڕێبەریی باڵی توندڕەو و موحافیزەکاری نێو دەسەڵات دەکات و توانیویەتی لە ڕێگای ئەو باندە مافیاییەوە سەرجەم دام و دەزگا ئیداری و بەڕێوەبەریەکانی وڵات بخاتە ژێر پاوان و چاودێری خۆی و هاوبیرانی و پێش بە هەر جۆرە بزاڤ و دەرفەتێك کە ببێتە هۆی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری پۆزەتیڤ لە وڵاتدا بگرێت .

لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە کۆمەڵێك باند و گرووپی دیکە بە نێوی ڕیفۆرمخواز، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە وروژاندنی کۆمەڵێك پرسی گرینگی سیاسی و جڤاکی و ئابووری و دانی دروشمگەلێکی ڕیفورمخوازانە، دەیانهەوێ بازاڕی هەڵبژاردنەکان گەرم بکەن و سەرنج و دەنگی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بەو شێوەیە بە مەرامی دڵخوازی خۆیان کە بەرژەوەندی تاکەکەسی و مافیاییانە، واتە دەسەڵات و بە تاڵانبردنی سامانی وڵات بگەن. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەزموونی زیاتر لە سێ دەیە لە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەریخستووە کە سیستمی زاڵ، ڕیفۆرمهەڵگر نییە و هیچ تاقم و گرووپێك لە هەر پۆست و دەسەڵاتێکدا بێت ناتوانێت لە ئیرادە و ڕێڕەوی دیاری کراو لە لایەن ولایەتی فەقیهەوە لابدات و هیچ هەنگاوێك لە ڕاستای گۆڕانکارییەکی سیاسی و جڤاکی و ئابووریدا هەڵبگرێت.

تێپەڕینی زەمەن و ئەزموونی چەند دەیە لە دەسەڵاتداریی ڕێژیم ئەو ڕاستییەی دەرخستووە کە، ڕکابەری و ململانێی نێوان گرووپ و باندە مافیاییەکانی نێو ڕێژیم، بە ئامانجی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی زیاتر و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی وڵاتە و هیچ یەکێك لەو گرووپ و تاقمانە چ لە کاتی هەوڵدان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و چ لە کاتی دەسەڵاتداریدا ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی ئەو وڵاتە ناکەن و هەوڵەکانیان زیاتر بۆ بەهێزکردنی باندی مافیایی خۆیانە.

بۆیە لە سیستمێکی ئیدۆلۆژیك و داخراوی وەك ویلایەتی فەقیهدا کە دەسەڵاتی گشتی وڵات لە پاوانی ئەودایە و ڕێبەریی گەورەترین باندی مافیایی توندڕەوی نێو دەسەڵات دەکات، نە سەرکۆمار و نە هیچ یەك لە گرووپ و باندەکانی دیکە تەنانەت ئەگەر ئیرادەش بکەن ناتوانن هیچ ڕیفۆرمێك لە بەرژەوەندی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵاتدا بکەن. کۆمەڵگای ئێران ئەمڕۆ بۆتە قوربانی باندە مافیاییەکانی نێو دەسەڵات و وێڕای سەرکوت و زەبر و زەنگی ڕۆژانە و هاوکات قەیراناوی بوونی ئابووری وڵات و فەقر و هەژاری بێ سنوور کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی سەدان دیاردەی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی، ئاستی ژیان و گوزەرانی لەو وڵاتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستەم و دژوارتر کردووە. بە جۆرێك کە هیوا بە ژیان و داهاتوو لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. بێگومان هەموو ئەمانەش بەرهەمی سیاسەتی چەوت و پاوانخوازانە و ڕێڕەوی فەساد و گەندەڵکارانەی باندە مافیاییەکانی حاکم لەو وڵاتەدان کە تەنیا لە بیری پاراستنی دەسەڵات و تاڵان و دزی سامانی وڵاتدان و یاری بە چارەنووسی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بەشمەینەتی ئێران دەکەن.

بۆیە واقعیی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ یەك لە گرووپ و باندە مافیاییەکانی نێو دەسەڵات ناتوانن ببنە سەرچاوەی باوەڕ و متمانەی خەڵك و وڵاتی ئێران لە دۆخی قەیراناوی هەنووکە ڕزگار بکەن و ئیرادەی مافخوازی و ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بە گشتی لە پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکانی وڵاتدا دەخیل بکەن. هەر بۆیە تەنیا ڕێگای ڕزگار بوون لەو دۆخە قەیراناوی و ئالۆزەدا، ڕووخانی سیستەمی دیکتاتۆر و مافیایی ڕێژیمی ئاخووندی و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە کە تێیدا یاسا سەروەر بێت و گشت پێکهاتەکانی وڵات مافی وەك یەکییان لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبێت.

# کۆماری کوردستان



ئیبراهیم قاسمی زاد
و: نسار

بە درێژایی مێژووی خەباتی بێ‌پسانەوەی نەتەوەی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان، لاپەڕەگەلێکی زێڕین لە قارەمانەتی، فیداکاری، خۆبەخشی و سەردەمانێکی هەرمان دەدرەوشێتەوە کە نوێنگەی هەڵوێستی قایمی خەڵکی کورد بۆ خەبات تا گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیەتی. یەکێك لە ڕووداوە هەرمان و هەمیشە زیندووەکانی مێژووی کوردستان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە لایەن دەرکەوتەکانی نەتەوەی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد بوو. لە بارەی چۆنیەتی دامەزراندن و پێکهێنانی ئەم کۆمارە، وتە و بەڵگە و باسگەلێکی تا ڕادەیەك دژ بە یەك و جۆراوجۆر بوونی هەیە بەڵام بە کەمێك بیرکردنەوە و بەراوەردکردنی هەلومەرجی فەزای فیکری ئەو سەردەمە ڕوون دەبێتەوە کە ڕاگەیاندنی کۆمار بە لێزانی و هۆشیاری دەرکەوتە و پێشەنگەکانی نەتەوەی کورد ئەنجام درا. ئەم ڕاستییە بە وردبوونەوەیەك لە کەسایەتی و هەڵکەوتی بە تەواوەتی جیا و ناوازەی سەرکۆماری کۆماری کوردستان بەڕێز قازی محەممەد و شای ئێران ڕەزای پەهلەوی ڕوونتر دەبێتەوە.

بە دوورخستنەوەی ڕەزاخان، کوڕەکەی حەمە ڕەزای پەهلەوی بە هەوڵدانی کەسانێك وەك فرووغی، لە جێگای باوکی دەرکراوی تاجی پاشایەتی لە سەرنا. حەمەڕەزا شا وەك شای وڵات لە لووتکەی دەسەڵات و حاکمیەت، لاوێك بوو کەم ئەزموون، بە ئیرادەیەکی سست و لاواز کە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی، بەستراوە بە پشتیوانی دەرەکی و هاوکاری ڕاوێژکارانێك بوو کە هەرکامیان بە شوێن ئامانج و مەبەستگەلێکی تایبەت بە خۆیان بوون. ئەو کاتەی شای لاو گەیشتە تەختی پاشایەتی، وڵات لە ژێر کاریگەری سیاسەت و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هێزە بەهێزەکانی بەشداربوو لە شەڕی جیهانیی دووهەم لێوانلێو لە هەڵچوون، ئاڵۆزی و قەیرانە ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان بوو. هەروەها زۆریەك لە هەڵکەوتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵیدا وەك شای نوێ شك و گومانیان هەبوو. هەر ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تاکوو ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی نزیك بە ١٠ سەرۆك وەزیران لە سەرکار لابران و هاتنە سەرکار. لە ڕاستیدا ئەم هەلومەرجە گەشە و پەرەوەردەکردنی حەمەڕەزا شای پەهلەوی بوو کە لە ناوبراو کەسایەتێکی دوودڵی دروست کردبوو کە کەمتر بڕوای بە کەس دەکرد و لە بنەڕەتدا هەستی ئەمنیەتی دەروونی و فیکری نەبوو.

لە بەرانبەردا، کۆماری کوردستان بە ڕێبەری کەسایەتیەك ڕاگەیندرا کە لە ناوبانگ و پاك داوێنیدا مەشهور بوو و یەکێك لە ڕووناکبیران و هەڵکەوتووەکانی شاری مەهاباد بوو. قازی محەممەد بە هۆی پیشەی دادوەری کە لە باوکیەوە بە میراتی بردبوو لە نێو خەڵکدا کەسایەتی و متمانەی پێویستی بەدەست هێنابوو. هەروەها ئاشنایی ناوبراو لەگەڵ چەندین زمانی دەرەکی ببووە هۆی ئەوەیکە ناوبراو بە باشی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان تێدەگەیشت. تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی قازی محەممەد بووە هۆی ئەوەیکە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف( کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) ڕێبەری ڕەوتی سیاسی بیچمگرتووی ئەو سەردەمەیان بە شانازی و متمانە و بە ئاسانی بسپێرنە ناوبراو. متمانەی بەرامبەر، ڕێز و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی قازی محەممەد، پێگەیەکی پێ بەخشی کە بە بوێری و لە کارێکی مێژوییدا کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە هەلومەرج و بارودۆخی ناجێگیری کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم، بە سەرنجدان بە پشتیوانی خەڵکیی و بێ لە بەر چاو گرتنی ئەم بابەتە کە ڕەنگە ڕۆژێك بە خیانەتی هەڤاڵە فێڵباز و درۆزنەکانی ڕووبەڕوو بێتەوە. لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد دەوڵەتی خودموختاری کوردستانیان ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی کۆمار هاتنەدی خواستی لە مێژینەی نەتەوەی کورد بوو کە بە سەدان ساڵ ئارەزووی ئازادی لە دڵدا بوو و بۆ هاتنەدی ئەم پرسە فیداکاری و گیانیان بەخت کردبوو. کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەیکە هێشتا چەند مانگێك لە دامەزراندنی تێپەڕ نەببوو، توانی زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگا وەك ژنان و لاوان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەشدار بکا. هەروەها لە کابینەی حکوومەتدا ئەرکی سپارد بە نوێنەرانی هەر چواربەشی کوردستان و بەم کارە پشتیوانی بەربڵاوی بەشەکانی دیکەی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی قوتابخانەکانی کوردی و ناوەندە فێرکارییە فەرهەنگییەکان و بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارگەلی جوراوجۆر هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دا و بە پەرەدان بە کەلتووری خۆسازی و خۆباوەڕی و پێکهێنانی سپای میللی لە ڕێگای خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی تەواوی کوردستان هەنگاوگەلێکی گرینگی هەڵێنا.

تەنیا ١١مانگ لە دامەزراندنی ئەم ئەزموونە مێژووییە و سەمبولی ئیرادەی نەتەوەیی لە کوردستان تێپەڕی بوو کە داگیرکەران لە یەکگرتوویی و ئیرادەی نەتەوەی کورد ترسیان لێ نیشت، هەر بۆیە هەلومەرجی ڕووخانی ئەم حکوومەتە ساوایەیان ڕێکخست. دوژمنانی مافی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماریان لە سێ ئاستی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و نێوخۆیی ڕێکخست. سەرەتا حکوومەتی سۆڤیەتیان سەرەڕای پەیمانی دۆستایەتی کە لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان هەیبوو، لەمەڕ ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران زۆر زوو و بە ئاسانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕێکخست و خەیانەتی بە بەڵێنی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ کۆماری کوردستان کرد. بە خیانەتی سۆڤیەت، ڕێگا بۆ هێرش و لە ئەنجامدا ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەروەها کۆماری ساوای ئازەربایجان ڕەخسا. ئامریکایش بە هۆی بەرنامەڕێژی نوێی ئیستراتژیك لە ناوچەدا لە هیچ جۆرە هاوکاری و هەنگاوێك بۆ پشتیوانی لە حکوومەتی بەستراوە بە خۆی لە ئێران و حەمەڕەزا شای تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەرێغ نەکرد و لە کردەوەدا بەستێنی بۆ ڕووخانی هەرچی زووتری کۆماری کوردستان ئامادە کرد. دەوڵەتی ئینگلیسیش بۆ کونترۆڵ و هێنانە خزمەتی بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان بێ ئاکام مابوویەوە، دوژمنایەتیەکی سەرسەختانەتری لە هەمبەر مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان نیشان دا. دەوڵەتی بریتانیا لە مێژووی بوونی داگیرکەرانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردانی بۆ بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆی فیدا کردووە. ئەمجارەیش لە بەرامبەر سیاسەتی تواندنەوە و لەنێوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کورد بێدەنگیی هەڵبژارد. سیاسەتێك کە بووە هۆی بەهێزبوونی هەرچی زۆرتری ڕێژیمی شا و لە ئاکامدا ڕووخانی کۆماری کوردستان. لە کۆی ئەم کۆمەڵە ڕووداوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە لە ڕاستیدا پیلانی لەنێوبردنی کۆماری کوردستان و کەرەستەکانی جوڵێنەر و گەمەکەری ئەرتەشی پاشایەتی ئێران بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان، دەوڵەتە دەرەکییەکان و هۆکاری پیلانی خودی شا بوو.

لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجی خراپی ناوچەیی و نێوخۆیی کە بۆ هەر دوو کۆمارە ساواکە هاتبوونە پێش، ڕووخان و نسکۆی ئەوانی خێراتر کرد. سەرەتا ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان بە هۆی لاوازیی پێگەی خەڵکی و بەستراوەیی دەرەکی بە لە دەست دانی پشتیوانییە دەرەکی و نێوخۆییەکان خێرا و بێ بەربەرەکانێ هەوڵی ڕووخانی کۆماریان داو و بۆ ڕزگارکردنی خۆیان پەناییان بۆ ئامێزی سۆڤیەت برد. بەربەرەکانێ نەکردنی ئازەربایجان بەستێنی هاتنی ئەرتەشی پاشایەتی بۆ ئازەربایجان و سەرکوتی خەڵك ڕەخسان. بە هاتنی ئەرتەش بۆ ئازەربایجان و گەمارۆی هەمە لایەنەی سیاسی و ئابووری کۆماری کوردستان، حکوومەتی ساوای کورد بە کردەوە کەوتە گەمارۆیەکی هەمە لایەنە و بێ پشتیوانی جیهانی و ناوچەیی کەوتە بەر گوشارێکی زۆرتر.

لە نێوخۆیشدا بەشێك لە پشتیوانانی سوننەتی کۆماری کوردستان، بە نزیکبوونەوەی هێزە دەوڵەتییەکانی ئێران لە ڕێبەرانی کۆمارە دوور کەوتنەوە. هاوکاری نەکردنی سەرۆك عەشیرەکان کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان لە پێش ئازادی نەتەوەی کورد دانابوو، بووە هۆی دارمانی خێراتر و لە ئاکامدا ڕووخانی حکوومەتی ساوای کوردستان.

قازی محەممەد بۆ پێشگرتن لە کوشتاری خەڵکی کوردستان بە دەستی هێزەکانی ئەرتەشی تینووی تۆڵە، بە سەرەنجدان بە سوێندێك کە خواردبووی و بەڵێنی ئەوەی دابوو کە نەتەوەکەی بە تەنیا جێ نەهێڵێ، بێ خۆڕاگری ئیزنی دا کە هێزە دەوڵەتییەکان پێتەختی کۆماری کوردستان داگیر بکەن.

شا بە سەرنجدان بەو ڕقەی کە لە هەمبەر خەڵکی کوردستان و ڕێبەرانی کۆماری خودموختاری کوردستان هەیبوو، دوای محاکمەی تەشریفاتی و دوور لە عەقڵانیەت و دادپەروەری، ساڵێك دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هەر لە مەیدانی چوارچرا، قازی محەممەد و هەڤاڵەکانی لە سێدارە دا. دەسەڵاتدارانی ئێران بەم کارە، گۆڕەپانی لە دایکبوونی کۆماری کوردستانیان کردە شوێنی ترس و بێ هیوایی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد. بەڵام ئەمڕۆ بەردەوامی خەباتی نەتەوەی کورد نیشانی داوە کە هەرچەند دوژمن لە خەیاڵی خۆیدا ئەم درەختە ڕاوەستاوەی هەڵکەندووە، بەڵام هیچکات نەیتوانیوە پێش لە شینبوونەوەی نەمامەکانی ئەم درەختە قایمە بگرێ. ئەزموونی حکوومەتی کوردستان هەرچەند کورت بوو بەڵام ئەزموونێکی زێڕین و میراتێکی پڕبایەخ لە مێژووی کوردستان بوو کە هەمیشە دەدرەوشێتەوە و بووەتە هیوا و جوولێنەرێك بۆ نەتەوەی کورد لە ئاراستەی دەسپێکردنی خەباتی ئازادیخوازانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. بەو هەنگاوە بوێرانەی کە ئەمڕۆکە نەتەوە و حیزبە کوردییەکان لە خەبات و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هۆڤترین دوژمنانی مرۆڤایەتی لە مێژووی جیهاندا هەڵی دەگرن، بۆ هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد سەلمێنراوە کە ئێمە لق و پۆیەکین کە هەر لەو درەختە ڕاوەستاوە شین بووین و چیدی هیچ هێزێك ناتوانێ شکست دانی نەتەوەی کورد دووپات بکاتەوە.

## جووت حەوت

### هەوراز

ئەم جارە لە بەر ترافیکی حەکیم و فەیلەفووس و قسەی مژیوەرانە زۆر سەرقاڵین و ناپەرژێینە سەر شرۆڤەی هەموو حیکمەت و فەلسەفەی حەکیمانی ئەم سەردەمەی دەڤەرەکە. ئێستا لە حیکمەتی لێکدانەوەکانی «ئەوڕەحیم گارسۆن» کە کاتی خۆی نۆسترادامۆسی سەر چیا بووە تێ دەگەم کە دەیفەرموو: «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای لێ دێت کە فڵانە ئاژەڵیش خاوەنی خۆی نەناسێتەوە». ئێستا ئەم پاشاگەردانییە لە حیکمەتی حەکیمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە پێش هەمواندا حەکیمێك کە جاران سوێندیان بۆ دەخوارد کە دەیهەوێ کوردستان بە جۆرێك ڕزگار بکات کە داگیرکاری بۆ هەمیشە بنبڕ بکرێت، ئێستا خەریکە کوردستان دەکاتە کارتۆنستان، واتە دەیهەوێ داگیرکەران بە جۆرێك ڕزگار بکات کە ناوی کوردستان و بیری نەتەوایەتی بۆ هەمیشە بنبڕ بکرێت. هەرچی سوێندیش دەخوات کە من لە سەرەتاشەوە هەر دەمهەویست بیری نەتەوایەتی بنبڕ بکەم نەك ستەمی نەتەوایەتی، هێندێك کەس باوەڕی پێ ناکەن؟

ـ لەولاترەوە سەلاحێك هەیە کە مەسڵەحەتی هەموان دەزانێ و بە دامەزراندنی حیزب و هەڵگیرساندنی شۆڕش و داهێنانی فیکری و مێرخاسی و ئازایەتی فرچکی گرتووە، بەڵام بۆ خۆی وەك بەردی خڕ تا ئێستا لە هیچ دیواریکدا جێی نەبۆتەوە و ئەگەریش جارجار لە نێو دیواری بینایەك دانرابێت، تا ئێوارەش بڕی نەکردووە و دار و پەردووی بە سەر خۆی و خاوەنەکەیدا ڕووخاندووە. بەڕێزیان بە گشتی سنووری کات و شوێن و بابەتیش ناناسێت. بۆ نموونە کاتی خۆی حافزی شیرازی خزمەتکاری ماڵی ئەوان بووە و ئەگەر لە بیری مابێت لەوێ زمانی فەرانسەی فێری ئەم کردووە. شەرەفخانی بتلیسی لە سەر داوای بەڕێزیان کتێبی شەرەفنامەی نووسی و لە دەستنووسەکەیدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە، بەڵام دواتر دەقی دەستنووسەکە سووتاوە. شێخ سەعیدی پیران هاتۆتە لای بۆ ئەوەی ئیزن وەربگرێت بۆ دەستپێکردنی شۆڕش. هاوکات کیانووری، سکرتێری حیزبی تووده و خالید بەکتاش کۆنە کۆمۆنیستی کوردی سووریە شاگردی بەڕێزیان بوونە و فەلسەفەی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمۆنیستیی فێریان کردووە و تەنانەت لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێتدا بە ناوی خوازراوی نیکیتا خرۆشچوف بەشداریی کردووە و وەکوو سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردراوە، بەڵام تا ئیستا نەیویستووە باسی بکات. لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزمی کوردیش لە هەموو پارچەکاندا قەرزدارییە و تاقە خاڵی هاوبەشی هەموو حیزب و لایەنەکانی چوار پارچە بە هەموو ناکۆکییەکانیانەوە ئەوەیە کە هەموویان خەبات لە بەڕێزیان فێر بوونە. لە هەموو هونەرەکان تەنیا شیعر نازانێت، بەو حاڵەشەوە گەورەترین شاعیرانی کورد شیعرەکانیان ناردۆتە خزمەتی بۆ پەسەندکردن. بەینی خۆمان بێت، جووت حەوتیش ئەو دەینووسێ بەڵام نایهەوێ ناوی خۆی لە سەر بێت.

ـ ئەم هێرشە تیرۆریستییانەی پاریسیش قوڕەکەیان خەستتر کردووە و جارێکی دیکە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی فەیلەفووسەکان. لە ئێراندا سەرەتاکان تەنانەت ئەحمەد خاتەمی کە بۆ خۆی دەبێ هەزارانی وەك ئەو تیرۆریستانە شاگردیی بکەن، وا بە توندی مەحکوومی دەکرد کە خەریك بوو قوڕ بپێوێ بۆ ئازادیی بەیان. بەڵام بە نیشتنەوەی تەپوتۆزەکە زانا ڕاستەقینەکان چارشێوی شەرمیان هەڵدایەوە. پاسدار نەقدی، فەرماندەی بەسیج کە پێشتر گوتبووی تیزاو پرژاندنەکانی ئیسفەهان و قوم کاری ئەمریکا و ئیسراییلە و داعش دەستکردی ئیسراییلە، بەڵام ڕاپەڕینەکەی واڵ ستریت کاری بەسیجە، ئێستا دەڵێ هێرشەکانی پاریس کاری خودی ئوورووپا و فەرانسەن بۆ ناوزڕاندنی ئیسلام. هەروەها عەبدولنەبی نمازی گوتوویە کاری مووسادە، لەم لاشەوە ڕۆژنامەی «یالسارات» کە لە وەلی فەقیە نزیکە، دەڵێ کاری ڕۆڵەکانی ئیسلامە و دەسخۆشی و پیرۆزبایی لە بکوژان دەکات و شاگەشکەبوونی خۆی ناشارێتەوە. ڕۆژنامەی کەیهانیش کە نووسیویە: « ژمارەیەك تیرۆریستی «مهدورالدم» ژمارەیەك کاریکاتێریستی «مهدورالدم»یان کوشتووە.لەم نێوانەدا ئەگەر ئێوە زانیتان چ باسە، ئێمەش ئاگادار بکەن با بزانین «هەمزە بە حەباسی چی و هین بە تەوەرداسی چی».

# ڕانتخۆری شێرپەنجەی ئابووری ئێرانە

کانیاو

ڕانت و ڕانتخۆری سەرەڕای پێناسەی جۆراوجۆر، بەڵام لە ئەساسدا وشەیەکی ئابوورییە. هەر بۆیە گرینگترین و ناسراوترین جوری ڕانت، ڕانتی ئابوورییە. ڕانتخۆران بە بەدەسهێنانی هۆکارەکانی ئابووری وەك سیاسەتی پشتیوانی، کونترۆڵی نرخەکان، سنووردار کردنی بازرگانی، داهاتێکی سەرسووڕهێنەر بە دەست دەهێنن. لە زانستی ئابووریدا ڕانت داهاتیکە کە بە بێ هەوڵدان یان کەڵك وەرگرتنی نایاسایی لە سەروەت و سامانی گشتیی، بە دەست هاتبێت. ئەو داهاتە لە بیر و باوەڕی گشتیی خەڵکدا بە مانای قازانجی باهاوردووە. لە سیستەمە نادێموکراتیکەکاندا ڕانت ئیمتیازیکە کە بە تاك یان گروپێکی تایبەت دەدریت کە خەڵکانی دیکە لە هەمان هەلومەرجدا لێی بێبەش دەبن. هەر لەو سیستەمەدا ڕانتخۆران بە کەڵك وەرگرتن لە نفووزە سیاسی و ئابوورییەکانیان و یان لە ڕێگای خزم و کەسانی خۆیانەوە کە خاوەن نفوزن بە شێوەی نایاسایی بە سەرچاوە داراییەکان دەستیان ڕادەگات و دەبنە خاوەنی سەروەت و سامانێکی باهاوردوو. لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان و کاربەدەستانی باڵای وڵات، لە ڕانت و ڕانتخۆری لە ئابووریی ئێراندا دەستێکی باڵایان هەیە. پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئابووریی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و بە تایبەت سپای پاسداران دەگەڕێتەوە بۆ پاش کۆتایی شەڕیماڵویرانکەری ئێران و عێراق، کاتێك کە هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کاتی ڕێژیم، سپای پاسدارانی هاندا تاکوو لە بووژانەوی ئابووری ئێراندا بەشداری بکا، چونکە ڕەفسەنجانی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە سپای پاسداران دەتوانێ لە ڕەوتی ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی ئابووریی ئێرانی دوای شەڕ یارمەتیدەری دەوڵەت بێ. زاڵ بوونی سپای پاسداران بە سەر جومگەکانی ئابووریی ئێران، لە قاڵبی کومپانیایی «خاتەمۆلئەنبیا»دا زیاتر لە جاران دەرکەوت. لە دەوڵەتی «سازندەگی» هاشمی ڕەفسەنجانی و دەوڵەتی چاکسازیی محەممەد خاتمی و دەوڵەتی ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاددا، حزووری سپای پاسداران لە پانتایی ئابووریی ئێراندا تەنیا لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی بەنداوسازی و ڕێگەوباندا بەرتەسك نەبۆوە، بەڵکوو لە ساز کردنی پاڵاوگەی نەوتی و گازی، دروووست کردنی تونێل، فڕۆکەخانە، ساز کردنی ڕێگەی ئاسن، میتروی تاران، هاوردە و هەناردە کردنی کاڵا و خەدەمات، ترانزیتی مەوادی هۆشبەر و ناوەندی لێکۆڵینەوەی چەکی ناوکی و مووشەکیدا بەشداری سەرەکی و بێ ڕکەبەر بووە. هەر وەها قەرارگای خاتەمۆلئەنبیای سپای پاسداران سەرەڕای کەڵك وەرگرتن لە ڕانت، لەگەڵ بەشێکی دیکە لە دامەزراوە گرینگەکانی ئابووری دیکەی وەك ئاستانەی قودسی ڕەزەوی و ستادی بەڕێوەبەری فەرمانی خومەینی کە خاوەن دەیان کارخانەی جۆراوجۆرن و هەموویان لە ژێر چاودێری خامنەیی بەڕێوەدەچن، لە دانی هەر جۆرە باجێك بە دەوڵەت خۆیان بواردووە. کۆمپانیاکانی ژێر چاودێری خامنەیی بە کەڵك وەرگرتن لە ڕانتی ئابووری و سیاسی و بەرتێلدان بە نوێنەرانی مەجلیس و دامودەزگاکانی دەوڵەتی، یاسا و ڕێساکانی وەك ڕێزنامەی کالا و خەدەمات، سنووردار کردنی هاوردە کردن و هەنارده کردن، وەرگرتنی یارانەی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ، پێش گرتن بە کۆمپانیاکانی بەشی کەرتی تایبەت بۆ بازاڕی کار، کونترۆڵی نرخەکان، دۆخەکەیان بە قازانجی کۆمپانیاکانی خۆیان گۆڕیوە. کەڵك وەرگرتنی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم لە ڕانتی ئابووریی، کاریگەری و ڕۆڵی لە مەودای چینایەتیی و دوو جەمسەریی بوونی کۆمەڵگا، بەرزبوونەوەی ئاوسان، چوونە دەری سەرمایە بۆ دەرەوە، بەرزبوونەوەی چالاکانەی دەڵاڵی و بادانەوەی سەرمایەدانان لە بەشی بەرهەمهێنان بۆ بەشی خەدەمات، سڕینەوەی ویژدانی کاری، هەڵاتنی مێشکەکان، گەندەڵی بەربڵاوی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەمانی هانەی بەرهەمهێنان بۆ ئابووریی ئێران هەبووە. لە وەها دۆخیکی شپرزەی ئابووریی ئێراندا، ئەگەر دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی دروشمی هەنگاونان بۆ باشتر کردنی دۆخی ئابووری ئێران دەدات، دوور لە ڕاستییە، چونکە بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی قەیراناویی ئێران لە ڕانتخۆرانی هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان، لە لایەك پێویستیی بە پێداچوونەوەی بە هێڵە گشتییەکانی بووژانەوە و پەرەپێدانی ئابووریی هەمەلایەنە هەیە و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە پێوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی دارایی و بانکیی جیهانی هەیە کە ئەوەش بە هۆی جۆری حاکمیەت و داخراویی سیستەمەکە و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، بۆ سیستمی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نامومکینە. چونکە ئێستاش سیاسەتی پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بووەتە شوناسی ڕێژیمی ئێران، گۆڕینی ئەو شوناسە بەجۆرێك گۆڕینی ئایدیۆلۆژی ڕێژیمی ئێران دێتە ئەژمار کە ئەوەش نامومکینە. هەر بۆیە دەرفەتەکانی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران، بێ ڕەزامەندی هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان و بە تایبەت شەخسی خامنەیی هەوڵێکی نەزۆکانەیە. لە ئێرانی ئەوڕۆدا کەسانی سەربازیی و ئەمنییەتی، کەسانی نزیك لە خامنەیی و دەوڵەت و بە تایبەت ئاغازادەکان، بە هۆی ڕانت و ڕانتخۆریی بونەتە خاوەنی دەیان کۆمپانیا و دەیان ملیارد دۆلار سەرمایە گوزاری لە دەرەوە و نێوخۆی ئێراندا. ئەوان دەستیان بە سەر زۆربەی بنیاتە ماڵی و ئابوورییەکان، ناوەندەکانی هەناردە و ئاودیوکردن، سەنعەتی نەوت و گاز، ڕێگا و بان، بەنداوسازی، میدیا و ڕاگەیاندنی میللی و پڕۆژە ئابووری و فەرهەنگییەکان لە دەرەوە و نێوخۆیی وڵاتی ئێران داگرتووە. هەر بۆیە لە ئەوڕۆی ئێراندا بە تایبەت سپای پاسداران گەورەترین دامەزراوەکانی ماڵی و پولییان لە دەست دایە. هەر بۆیە لە چوار چێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ ئەوەی پێش بە ڕانتخۆری بگیردرێ، چونکە سیستمی کەڵانی وڵات واتا دەزگاکانی دادوەری، یاسادانان و بەڕێوەبەری خۆیان هاندەری ڕانتخۆرین. بەستێنەکانی ڕانتخۆری و گەندەڵی ئابووری لە ڕێژیمی ئێراندا لە لێکەوتەکانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامییە. هەر بۆیە بێ گۆڕانی پێکهاتەی سیاسی ئێران، خەباتی جیددی و شێلگیر بە دژی ڕانتخۆری نامومکینە. ئەمڕۆکە هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان، لە لایەك بونەتە دێوێکی زەبەلاحی ئابووری کە زۆربەی کاناڵەکانی ئابووری ئێرانی لە کۆنترۆڵی خۆیاندایە و لەلایەکی دیکەوە بۆنەتە ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم بۆ سەرکوت و دامرکاندنەوەی هەر چەشنە نارەزایەتییەکی مەدەنی. سەروەت و سامانی هیزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان و تەرخانکردنی بودجەی ساڵانەیان نادیارە. هەر بۆیە ئەم تیۆرییە لە ناو کارناسانی ئابووریی وڵاتدا بەهێزە کە مودێلی سیستمی ئابووریی بۆ داهاتووی ئێران، بە جێی کەرتی تایبەت، دەبێتە کەرتی نیزامی‌سازی. چونکە کونترۆڵ کردنی کۆمپانیا گەورە و چووکەکان لە لایەن هێزە سەربازیی و ئەمنییەتییەکان، کەرتی تایبەتی بەکردەوە وەلانراوە و ئەگەر بیانەوی کارێك وە ئەستۆ بگرن دەبێ ببێتە یەکێك لە دەستوپێوەندییەکانی قەرارگای خاتەمۆلئەنبیا. ئەم قەرارگایە لە کردەوەدا زیاتر لە سەدا حەفتای بازاڕی ئابووری ئێرانی بۆ چینی دەسەڵاتدار و سپای پاسداران پاوان کردووە. هەر بۆیە تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لە قەیرانی ئابووریی و ڕانتخۆری، بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێت، کە سەر لە نوێ هێڵە گشتییەکانی ئابووریی ئێران لە لایەن شارەزایانی ئابوورییەوە دابڕێژرێتەوە.



# چ «وەحدەتێک»!

شەهاب خالیدی

ئەم ساڵیش ٢٨مین کۆنفرانسی «وەحدەتی ئیسلامی» لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، بەڵام هێشتا هەراوهوریای ڕاگەیەنە گشتیەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ ڕووماڵکردنی ئەم کۆنفرانسە کۆتاییان پێ نەهاتبوو، کە هێزی ئینتزامی پێشی بە بەڕێوەچوونی نوێژی هەینی سوننیەکانی زاهیدانی گرت.

هەروەها لە ڕۆژی ٢٧ی بەفرانباریش دەرگای نوێژخانەی سوننیەکان لە ناوچەی پونەکی تاران لە لایەن شارەدارییەوە داخرا. عەبدولسەلام دوشۆکی بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی بەلووچستان لە شاری لەندەن، لەمەڕ ئەو هەڵسوکەوتانەی ڕێژیم لە بەرامبەر سوننیەکان ڕایگەیاند: «سوننیەکان بە شێوەیەکی فەرمی هیچ نوێژخانەیەکیان لە تاراندا نیە و لەو ساڵانەی دواییدا هەر جارێ هۆڵێك بۆ نوێژکردن بە کرێ بگرن و وەك مزگەوت بە کاری بێنن، بەڵام لە لایەن ڕێژیمەوە پێشیان پێ گیراوە».

لە لایەکی دیکەوە عەلی موتەهەری نوێنەری خەڵکی تاران لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێراندا، هەر بە دوای کۆتایی پێهاتنی کۆنفرانسی «وەحدەتی ئیسلامی» ڕایگەیاند: «وا دێتە بەرچاو کە دابەشکردنێك ئەنجام دراوە. سوننیەکان ڕێز لە پێغەمبەری ئیسلام دەگرن، شیعەکانیش تەنیا ڕێز لە ئیمامەکانی شیعە دەگرن، کە ئەمە خاڵێکی لاوازی ئێمەیە کە دەبێ ڕووحانییەکان چارەسەری بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئێمە نەمانتوانیوە «وەحدەتی ئیسلامی» دروست بکەین، بەڵکوو دوژمنایەتی کردن لە نێوان مەزهەبەکان گەشەیان سەندووە. هۆکار ئەمەیە کە ئێمە زۆر قسە دەکەین و کەمتر کار بە قسەکانمان دەکەین. کاتێك پێش بە دروست کردنی مزگەوتێك بۆ سوننیەکان لە تاراندا دەگرن، ئاشکرایە کە دڵەکان لە یەکتر نزیك نابنەوە و ئەوانیش لە مەککە و مەدینەدا تۆڵە لە شیعە دەکەنەوە».

مەولانا عەبدولحەمیدیش هەر لەمەڕ ڕەوشی خراپ و نالەباری سوننیەکان دەڵێ: «ئێمە هیوادارین کە سوننیەکان بتوانن لە شارەکانی وەك ئیسفەهان و ...هتد ئازادانە نوێژ بکەن. ئەوەی کە سوننیەکان بتوانن لە شارەکانی دیکەی ئێراندا مزگەوت بۆ خۆیان دروست بکەن و نوێژی هەینی بخوێنن، مافێکی یاسایی خۆیانە و تەنیا ڕەچاوکردنی ئەو مافانەیە کە دەتوانێ لێك نزیکبوونەوە لە نێوان مەزهەبەکاندا دروست بکات».

بێگومان وتەکانی عەلی موتەهەری و مەولانا عەبدولحەمید ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە «وەحدەتی ئیسلامی» بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و دروشمی بێ کردەوە پێك نایەت. بەڵکوو لە پێکهێنانی کۆنفرانس گرینگتر ئەمەیە کە بەرپرسانی ڕێژیم بە کردەوە هەوڵ بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی فەرق و جیاوازیدانانەکان بدەن و گۆڕانکاری لە ڕوانگەکەیاندا لەمەڕ مەزهەبەکانی غەیری شیعە پێك بێنن، و ڕووحانیە سوننی مەزهەبەکانیش بە بیانووی وەهابی بوون و سەلەفیەتەوە دەستبەسەر نەکرێن.

«وەحدەتی ئیسلامی» بەو مانایەیە کە مەزهەبەکان سەرەڕای فەرق و جیاوازیی هزریی لە نێوانیاندا، بتوانن پێکەوە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بژین و هیچ کامیان لە هەوڵی سڕینەوە و پشت گوێ خستنی ئەویتردا نەبن. بەڵام بە داخەوە لەو چەند ساڵەدا ڕێژیمی ئێران سەرەڕای بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی «وەحدەتی ئیسلامی» و کۆبوونەوەگەلێکی لەم شێوەیە، لە کردەوەدا نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ لێك نزیککردنەوەی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە و سوننی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە هەوڵی سەرکوتی بەردەوامی مەزهەبەکانی دیکە بە تایبەتی سوننیەکاندا بووە و ئامانجی ئەو ڕێژیمە لە «وەحدەتی ئیسلامی» لێك نزیککردنەوەی مەزهەبەکان نیە، بەڵکوو بە پێچەوانە دەیانهەوێ لە چوارچێوەی یەکدەست کردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵك لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی خۆیان، هەوڵ بۆ تواندنەوەی سوننیەکان و هەموو ئایینزاکانی دیکە لە نێو مەزهەبی شیعەی خۆیاندا بدەن و بەم شێوەیە چەمکەکانی وەك «نەتەوەی ئێران» (ملت ایران) و «ئومەتی ئیسلام» (امت اسلام) -ئیسلامێك کە تێیدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی سەرکردایەتیی تەواوی موسڵمانەکان بکات- بە کردەیی بکەن. بێگومان ئەم سیاسەتە نە تەنیا «وەحدەتی ئیسلامی» لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا پێك ناهێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە ڕەگ و ڕیشەی ژیانی کۆمەڵایەتیی موسڵمانەکاندا «تەفرەقەی ئیسلامی» دەنێتەوە، تەفرەقە و ناکۆکیەك کە ڕەنگبێ تا ڕۆژی قیامەتیش بەردەوام بێ.



# ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردانددا

قادر ئەلیاسی

هاوینـــی ٢٠٠٩ بـــوو کـــە بۆ یەکەمجـــار بە خزمەتی نەســـرین خانم گەیشتم. ئەو ساڵە کۆمیتەی حیزبـــی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژ بۆ یادی ٢٣ ساڵەی کارەســـاتی ڤییەن بەڕێزی بانگ کردبـــوو. بنەماڵەی ئێمەش لە نۆروێژ، شانازی ئەوەی پێ برا، ئێوارەیەک لە خزمەتیدا بین. دوای حەســـانەوە، وتی: دەمهەوێ بڕۆمە دەر و هەوایەک هەڵمژم. هاوڕێیەتیم کرد و لە نێو باخچەکەدا، دەســـتی بـــردە گیرفانـــی و ســـیگارێکی داگیرســـاند. کات لە ٩ی شـــەو لای دابوو. شەوانی هاوینی نۆروێژ رووناکە. بە پێچەوانەش زستانەکەی زۆر تاریک و خەمهێنەرە. ئاسمانی ئەو شەوە مانگەشەو و ساماڵ بوو.

بە دەم جگەرەکێشانەوە سەیرێکی ئاســـمانی کرد. مانگی چاردە لە نێوەڕاستی ئاسماندا ئاخڵە(خەرمانە)ی دابوو. سەری تۆزێ نەوی کرد و وتـــی: عەبدولڕەحمـــان کاتێک مانگـــی بـــە ئاســـمانەوە دیبایە، شـــیعرێکی دەوت و... دەســـتی پێکرد:

ئـــەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاودەردین

هەر دوو گرفتـــار، یەک ئاهی سەردین

تـــۆ وێـــڵ و رەنـــگ زەرد، بە ئاسمانەوە

منیش دەربەدەر بە شارانەوە

....

دیتـــم لە گـــەڵ هۆنینـــەوەی شیعرەکەدا فرمێسک بە چاوەکانیدا خلۆر بوونەوە. حـــەزم نەدەکرد لەو بیرەوەرییە دایبڕم، دڵیشـــم ڕێگای نـــەدەدا، بـــە وەبیرهاتنـــەوەی ئەو بیرەوەرییە فرمێســـکەکانی ببینم، بۆیـــە باســـێکی پێوەندیـــدار بەو بیرەوەرییەم لە گەڵیدا هێنایە گۆڕێ و پرســـیم: ناتەوێ، بیرەوەرییەکانی خۆت بنووسی؟

ئاخێکـــی هەڵکێشـــا و وتـــی: بە نیازم، ئەگەر تەمـــەن بوار بدا، ئـــەو کارە بکەم. ســـاڵی دواتر لە سەر بانگهێشـــتی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران لەو وڵاتە، هاتـــەوە نۆروێژ و جارێکیتر لە ماڵی خۆماندا بە دیداری شـــاد بووینەوە. وتی: خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانیەتی.

سەرەنجام ئەو ئاواتەم هاتە دی و ئەو کتێبەم بە دەســـت گەیشت و لە گەڕانەوەم بۆ کوردستاندا، دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

مانگـــی دیســـامبری ٢٠١٤ کتێبـــی « ئورووپاییـــەک لـــە وڵاتـــی کورداندا» لە نووســـینی خاتوو نەســـرین قاسملووم خوێندەوە. ئەم کتێبـــە مێژوویەکی کورت و پوختی ژیانی هاوبەشـــی نەسرین خانم لـــە گـــەڵ د. عەبدولڕەحمان قاسملوو دەگێڕێتەوە کە لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٥١ دەســـت پێدەکا و بە شەهیدکرانی د. قاسملوو کۆتایی پێدێ.

ئـــەم کتێبـــە ٤٢٢ لاپەڕەیـــە. ســـەرەتا بە زمانی فەرانسەوی لە لایەن نەســـرین خانمەوە نووســـراوە. بەڕێـــز د.خوســـرەوعەبدوڵڵاهی لە فەرانســـەوییەوە، وەریگێڕاوەتـــە ســـەر زمانـــی فارســـی. بەڕێـــز «ناهیدحوسەینی»ش لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی. شـــایانی ئاماژەیـــە کە ئـــەم دێڕانەم، دوای خوێندنـــەوەی دەقـــە کوردییەکە نووسیووە.

وێـــڕای ســـپاس و پێزانیـــن بۆ خاتوونەســـرین لە مەڕ نووســـینی ئـــەو کتێبـــە، ماندوونەبوونـــی لە بەڕێزان عەبدووڵڵاهی و حوسەینی لـــە پـــای ئـــەو زەحمەتـــە دەکەم کـــە بـــۆ وەرگێڕانی ئـــەو کتێبە کێشـــاویانە.کتێبی «ئورروپاییەک لە وڵاتی کوردانـــدا» جارێکیتر، وێـــڕای دووپاتکردنەوەی مەزنی و خۆشەویستی د.قاسملوو لە لای من، ئەوەندەش ئەگەر زیاتر نەبێ، نەسرین خانمی لا ئازیز و بەرز و مەزن کردم. ناوەرۆکی کتێبەکە، دەبێ بکرێ بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم، لە ساڵی ١٩٥٠ دەســـت پێدەکا. لەو کاتەدا د.قاســـملوو لە پراگ خوێندکارە و چاوی بە نەســـرین خانم دەکەوێ. پاش پێکهێنانـــی ژیانی هاوبەش، لە گەڵ د.قاســـملوودا بەرەو ئێران دەکەونە رێ و ساڵانێک بە نهێنی لە تاران، لەم ماڵـــەوە بۆ ئەو ماڵ وێڕای خۆ خستنە مەترسی، کاری سیاسی دەکەن و دواتر لە کوردستان و پاشان بەغدا و..هتد، ئەم خەباتە درێژە دەدەن تـــا ڕووخانی نیزامی پاشایەتی بە سەردا دێ و کۆماری ئیسلامی ئێران جێی دەگرێتەوە.

بەشـــی دووهەم، لە هاتنە ســـەر دەســـەڵاتی ڕەشـــی کۆمـــاری ئیســـلامییەوە دەســـت پێـــدەکا و زۆربەی ئەو هەوراز و نشـــێوانەی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کورد لەو ماوەیەدا دەگێڕێتەوە. نووســـەر بۆ مەرگی پڕ لە ناسۆری د.قاسملوو دەگری و خوێنەر دەباتە دنیایەکی پڕ لە پاکی خۆی و هاوسەرە زانا و بلیمەتەکەی.

من لە توانامـــدا نییە ئەم کتێبە بنرخێنم، تەنیـــا وەک خوێنەرێک پێشـــنیار دەکەم بۆ ئەوەی دوور لە پیاهەڵاگوتن د.قاســـملوو بناسن، ئەم کتێبـــە بخوێننـــەوە. جگە لە پێناســـەیەکی بێلایەنانەی نووسەر سەبارەت بە د.قاسملوو، دەزاصصنن نەســـرین خانم یش لە پێناوی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێراندا، چەندە جەوری کێشاوە.

لـــە کۆتایی ئەم نووســـراوەیەدا، وێڕای دەستخۆشـــی لە نووســـەر و وەرگێڕەبەڕێزەکانـــی ئەم کتێبە بە زمانی فارســـی و کوردی، بە پێویســـتی دەزانم ئامـــاژە بە دوو هەڵە و وەرگێڕانێکی نەگونجاو کە لـــە دوو توێی دەقـــە کوردییەکەدا هاتوون، بکەم:

١. نووســـەر لە لاپەڕەی ٣٤٢دا باسی سەنارمامەدی و تاقمی حەوت کەسی دەکا. لەو کاتەدا کەسێک بە ناوی رەحمان قادری کە ســـەر بەو تاقمە بووە، سەنار کوشتوویەتی و... ئەو کەسە وەک من بیستبێتم، نـــاوی رەحمان کەریمـــی بووە و لە ناوچەی پیرانشار ژیاوە.

٢. ســـەبارەت بە تێـــرۆری بەڕێز مامۆستا مەلاحەســـەن شیوەسەڵی کە لە رۆژی دووشـــەممە، ١٦ی ســـەرماوەزی ١٣٦٦ بەرامبـــەر بە ١٩٨٧/١٢/٧ رووی دا، لە لاپەڕەی ٣٥٠ی کتێبەکدا نووسراوە بە هۆی کتێبێکی دیوانی شـــیعرەوە کە لە نێو دەستی مامۆستادا تەقیوەتەوە، هـــەر دوو دەســـت و چاوەکانی لە دەست داوە. راستی رووداوەکە وەک بەڕێز شیوەسەڵی بۆی گێڕاومەتەوە، ئاوا بـــووە: ئەو کتێبـــە رۆمانی «دان چەرمـــوو» لـــە نووســـینی چەک لەندەن بـــووە. کتێبەکەش لـــە بەســـتەیەکدا پێچراوەتەوە و لە تاقی ئەو ژوورەی مامۆستا دانراوە و لە کاتی چوونە ژوورەوەی بەڕێز شیوەسەڵیدا، بە کۆنترۆڵ لە دەرەوە تەقێندراوەتەوە. واتە کەســـێک لە دەرەوە کە کورد و جێگای باوەڕی شیوەسەڵی بووە، کتێبەکەی هێناوە و ئـــەو کاتـــە مامۆســـتا هاتۆتە ژوورەکـــەی، کتێبەکـــە لە تاقی ژوورەکە دانراوە و لە دەرەوە بە هۆی ریموندکۆنترۆڵ تەقێندراوەتەوە.

٣. جگە لەو دوو راستکردنەوەیە، هەســـتم کرد لە وەرگێڕانی چەند چەمک و دەســـتەواژەدا، وشـــەی گونجاو دانەنراوە. بـــۆ وێنە دوای کارەســـاتی ڤییـــەن و تێـــرۆری د.قاســـملوو و هاوڕێیانی (ل٣٧٤ تا ٣٨٥) لە مەڕ رەخنەکانی نەســـرین خانم لە دەســـەڵاتە دیموکراتەکانی ئورووپا، وشەی دیموکراسییەکانی ئێمە هاتووە کە من وادەزانم دەبوو، دەســـتەواژەیەکی دیکـــەی وەک سیستمی دەســـەڵاتداری ئێمە، ئەو دیموکراســـییەی کە لە ئورووپا لە لایەن دەســـەڵاتدارانی ئێمەوە بەڕێوە دەچێ و...لە باتـــی ئەو چەمکە هاتبا. ئەگـــەر جارێکیتـــر، دەقە کوردییەکە لـــە گەڵ وەرگێڕانە فارســـییەکە و ئەسڵی کتێبەکە «کـــە بـــە زمانـــی فەرانســـە نووســـراوە»، پێکـــەوە گێـــڵ و تەتەڵ بکرێ، ئەو کەمایەسییە، بۆ چاپەکانی داهاتوو چارەســـەر دەکرێ.

ماوەتەوە بڵێم: تـــا کتێبێکی دیکـــە و خوێندنەوەیەکـــی خۆماڵیانـــەی تر، بە خۆشـــیتان دەسپێرم!

ژێدەر:

١. کتێبی «ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا»

٢. بەشـــێک لە هەڵبەســـتی « ئەی مانگ لە دیوانی فایەق بێکەس».




## ناوێزە



● رۆئیا حسێنی (گوڵاڵە)

رۆئیا حســـێنی کە زیاتر بە نازناوی گوڵاڵەوە دەناســـرێتەوە، ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٤١هەتاوی لە گوندی دۆزەخدەرەی سەر بە شاری ســـەقز لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەدەب دۆستدا لە دایك بووە. خاتوو رۆئیا بە هۆی پێویســـتیی ئیش و کاری باوکییەوە کە سەرتا مامۆستا و دواتـــر قوتابی زانکـــۆ و دواتر دەبێتە حاکم لە زۆربەی شـــارەکانی کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، خوێندنی سەرەتایی لە تاران دەست پێدەکات و لە کوردستان دیپلۆمی زانستی وەردەگرێت. خاتوو گوڵاڵە لە بواری ئەدەبیدا ژنێکی بەهرەمەند و چالاکە و لە بواری نووســـینی شـــیعر و وەرگێڕاندا چالاکی هەیە. ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی و سەرقاڵی تێپەڕاندنی کۆرســـەکانی زمانی ئینگلیســـی و هەروەها یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە.ئەندامـــی پێنی کوردیـــە و خاوەنی ٣ بەرهەمی چاپ کراوە بە نێوەکانی:

ـ جامعە در عصر خلافت ـ نووســـینی فواد مەجید میسری ـ ساڵی ٢٠٠٧لە چاپخانەی حەمدی لە ســـلێمانی چـــاپ بووە کە دەربارەی مێژووی ئیسلامە لە دەورەی خەلافەتی بەنی عەباس بەولاوە.

ـ عطر یاس از گل شـــب بو: بۆ دوانزەهەمین فێســـتیڤاڵی گەلاوێژ ئامادە کراوە. کە لەو بەرهەمەدا شـــیعرە فارســـیەکانی یازدە شاعیری کلاســـیکی کوردی ( مەستوورەی ئەردەڵان ـ مەحوی ـ وەفایی ـ نالی ـ شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی ـ بێخود ـ طاهر بەگی جاف ـ مەولانا خالیدی نەقشبەندی ـ حاجی قادری کۆیی ـ قانع) کۆ کراوەتەوە.

ـ ژووره تاکە کەســـیەکان ـ نووســـینی ڕەزا خەندان مەهابادی ـ لە فارسیەوە کراوەتە کوردی

ئێستاش ســـەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبی شازادە خانمە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی.

١٠ کورتە چیرۆکیشی هەیە کە بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی لە داهاتوودا چاپی دەکرێت.

لە بواری وەرگێڕانی شـــیعری کوردی بۆ فارســـی و فارسی بۆ کوردیشدا چالاکە و شیعریش بە هەردوو زمانەکە دەنووسێت.



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 645 ▪ 20 Jan 2015

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr



## هۆتێلەکانی ژێنێڤ و دوبەی گرانترین هۆتێلەکانی جیهانن

ئەو کەسانەی گەشتیارن و بەدوای شوێنی هەرزانی مانەوەدا دەگەڕێن، لەوانەیە وا باشتربێت خۆیان لە ژێنێڤ و دوبەی و مەیامی بپارێزن.

بەپێی ماڵپەڕی بلومبێرگ، ئەم سێ شارە وەک گرانترین شارەکانی دنیا لەمەڕ بەرزی نرخی کرێی مانەوە لە هۆتێلدا تۆمارکراون، لە ژێنێڤ، ڕێژەی مامناوەندی کرێی مانەوە بۆ شەوێک لە هۆتێلدا ٣٠٨ دۆلارە، دوبەی ٢٧٣ دۆلارە، شاری کوەیت ٢٥٣ دۆلارە، زوریخ ٢٥٠ دۆلارە، شاری مەیامی وەک گرانترین شاری ئەمەریکی دەستنیشانکرا بۆ مانەوە کە نرخی شەوێکی ٢٤٥ دۆلارە.

گرانیی دەستکەوتنی زەوی نیشتەجێبون و وەبەرهێنان نرخی هۆتێل زیاد دەکات. بۆ نمونە، لە شاری ژێنێڤدا دەستخستنی زەوی گەشەپێدان و بازرگانی گرانترینە لە جیهاندا، ئەمەش بەهۆی جوانی سروشت و دیمەنی شارەکەوەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بازرگانی یارمەتی ژێنێڤ دەدات بۆ ئەوەی هۆتێلەکانی ئەم نرخە بەرزەیان هەبێت، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئۆفیسی گەورەیان لەو شارەدا هەیە.



## دۆزینەوەی شارێک کە مێژووەکەی بۆ ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە

لەم دواییانەدا لە وڵاتی تورکیا لە ناوچەی کابادۆکیا لە پارێزگای نۆشار، شارێکی گەورە لە ژێرزەوی دۆزراوەتەوە ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر .

کابادۆکیا بەناوەندی شوێنەوارە کەوناراکان ناسێنراوە و ئەو شارەی کە لە نۆشار دۆزراوەتەوە نزیکە لە شاری قەیسەرییە، زانایانی شوێنەوارناسی لەسەر ئەوە هاودەنگن، ئەو کەسانەی لەو ئاوەدانیەدا ژیاون کورتەباڵابوونە.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی خانووبەرەی ئەو ناوچەیە محەمەد توران بۆ ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی کە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت گوتی: ئەم شارە شوێنەوارییە لەئەنجامی پرۆژەیەکی نیشتەجێبووندا دۆزرایەوە. لێکۆڵەران ئەم شارەیان لە قووڵایی ٦٠ میتریدا دۆزیوەتەوە و بە پێی بەراوردی کارناسان، زیاترین ژماری دانیشتووانی بووە.

کابادۆکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتی پێش زایین و تا وەکوو ساڵی ١٩٢٣جێگەی مەسیحیەکان بووە.

## چۆن خۆت لەشێرپەنجەی دەپارێزیت



لەئێستادا لەجیهاندا نەخۆشی شێرپەنجە بە بڵاوترین نەخۆشی دادەنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵێك پزیشك لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا هەڵسان بە بەراوردکردنی ئەو کەسانەی کە تووشی شێرپەنجە بوون، بۆیە پزیشکەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پابەندبوون بەم پێنج ئامۆژگارییە مرۆڤ دووردەخاتەوە لەتووشبوون بەشێرپەنجە.

دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، دوورکەوتنەوە لە مەی خواردنەوە، وەرزشکردن بە ڕێکوپێکی، خواردنی میوە و ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامینەکان و خواردنی ماسی، دوورکەوتنەوە لە گۆشتی سور، ئامۆژگاری پێنجەمیش چاودێریکردنی کێشە، واتە بۆ ئافرەتان نابێت سگیان لە (٨٠سم) زیاتر بێت و پیاوانیش نابێت سگیان لە (٩٤سم) زیاتر بێت، ئەمەش لە ماڵپەڕی «هایلبراکسیس»ی ئەڵمانی هێمای بۆ کراوە.

## باش خەوتنی منداڵان توانای وەرگرتنیان زیاتر دەکات



توێژەرانی بەریتانی لە نوێترین توێژینەوەیاندا زۆر خەوتنی منداڵان لەسەرەتای لەدایك بوونیانەوە تا تەمەنێکی دیاریکراو بە کلیلی دروستبوونی مێشکێکی بەتوانا بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زانیارییەکان دەزانن.

زانایانی زانکۆی شێڤێلد بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر ٢١٦ منداڵی خوار تەمەن یەك ساڵان بۆیان دەرکەوتووە ئەگەر ئەو منداڵانە بە چوار سەعات پێش لەڕاهێنان بۆ ماوەی نیو سەعات نەخەون ئەوە مێشکیان توانای وەرگرتنی لاواز دەبێت.

هەروەها پێیانوایە کە باشترین کات بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕاهێنانەکان بۆ منداڵانی خوار تەمەن یەك ساڵان دوای خەوێکی باش و گونجاوە.

دکتۆر هێربێرت یەکێك لەو زانایانەی کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە بە BBC وتووە: لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی پێش چوار سەعات لە ڕاهێنانەکان بۆ ماوەی نیو سەعات خەوتوون توانای وەرگرتنیان بەهێزتر و باشترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بەهیچ شێوەیەك نەخەوتوون.

دکتۆر هێربێرت هێمای بۆ ئەوەشکردووە کە باشترین شت بۆ منداڵان بەتایبەت ئەوانەی کە تازە لەدایك دەبن ئەوەیە کە زۆر بخەون و کاتی خەوتنەکەیان گونجاوبێت.

### زایەڵە

## کۆماری ئیسلامی و قووڵایی ئێستراتژیکی ئەم وڵاتە

**فاتیح ساڵحی**

قووڵایی ئێستراتژیك لە چەمکە سیاسییەکانە کە هەڵگری واتایەکی بەربڵاوە. بە شێوەیەکی گشتیی قووڵایی ئێستراتژیك بە ئامراز و کەرەستە سیاسی، جوگرافیایی، هێزی مرۆیی، بڕوامەندیی، هێزە کردەکی و پەنگخواردووەکانی بەرگریی نەتەوەیەك یان وڵاتێك بۆ بەرگری لە خۆیەتی لە بەرامبەر پیلان و ئاژاوەگێڕییەکانی وڵاتانی دژبەریدا.

ئامراز و کەرەستە سیاسییەکان: پاڵپشتیی ئێران لە هەموو گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچەکە و تەنانەت جیهاندا ئامرازێکی بەهێزە بۆ شوێندارنەر بوون لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و داسەپاندنی هێژمۆنی لەو وڵاتانە یان خود ئەو ناوچانەی کە ئەم گرووپ و هێزە توندڕەوانەی لێیە. وەك هێزە توندڕەوەکانی حیزبوڵڵا و حەماس لە لۆبنان و فلەستین. حوسییەکانی یەمەن، گرووپە توندڕەوەکانی بەحەرین و تەنانەت شێعەکانی عەرەبستان و هێزە توندڕەوەکانی عێراق. یەکێکی دیکە لە فاکتەرە بەهێزەکان لەم پێوەندییەدا فاکتەری وزەیە کە دەتوانێ ئامراز و کەرەستەیەکی ئێستراتژیك بێت بۆ بەرفراوان کردنەوەی قووڵایی ئێستراتژیکی هەر وڵاتێك و بۆ نموونە کۆماری ئیسلامیی ئێران. چونکوو ئێران لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و گازەوە دەیهەوێ کۆمەڵێ وڵات بکات بە پاڵپشتی خۆی و لە پرسە گرینگەکاندا وەك ئەمرازێکی بەرگریی کەڵکیان لێ وەربگرێ.

جوگرافیا: زۆر جار هەڵکەوتەی جوگرافیایی وڵاتێك لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا دەتوانێ پاڵپشتێکی باش بێت بۆ بەرفراوان کردنەوەی قووڵایی ئێستراتژیکی وڵاتێك. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە هۆی هاوسنوور بوون لەگەڵ چەندین وڵاتدا لە چوار دەورییەوە بە باشترین شێوە لەم فاکتەرە بەهێزە کەڵکی وەرگرتووە بۆ پەرەپێدان بە قووڵایی ئێستراتژیکی خۆی. وەك ئەوەیکە ئێستا ئێمە لە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق، وڵاتانی باکووری ئێران و تا ڕادەیەك تورکیە دەیبینین. چونکوو ئەم وڵاتانە بە هۆی هەبوونی سنووری هاوبەش لەگەڵ ئێراندا، ئەو هەلەیان بۆ ئێران ڕەخساندووە کە بە تەداخول لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانە لە ڕێگەی پشتگیری کردن لە هەندێ هێز و لایەنی سیاسی دەستێکی باڵای هەبێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانەدا.

هێزی مرۆیی: یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی کە دەتوانێ گەرەنتیکەری بەرفەراوان کردنەوەی قووڵایی ئێستراتژیك بێت هەبوونی هێزی مرۆیی کارا و بە ئەزموونە لەم چوارچێوەیەدا. هەروەك دەبینین کۆماری ئیسلامی بە باشترین شێوە لەم فاکتەرە کەڵکی وەرگرتووە و لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا و بە تایبەت لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا وەك بەشێکی جیانەکراوە لە قووڵایی ئێسترانژیکی کۆماری ئیسلامی، هێزی مرۆیی متمانەپێکراوی خۆی هەیە و لە هەموو دەرفەتەکاندا بۆ گەمە پێکردن بە کارتەکانی، لەم هێزە مرۆییە کەڵك وەردەگرێ.

بڕوامەندیی: دین و ئایین هۆکارێکی زۆر بەهێزە بۆ پەرەپێدانی قووڵایی ئیستراتژیکی هەر وڵاتێك. لەم چوارچێوەشدا کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا بە باشترین شێوەی لواو لەم فاکتەرە بەهێزە کەڵکی ورگرتووە و بە هەناردەکردنی شۆڕش و پاڵپشتی لە گرووپە شێعەکان و ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵات بەدەست شێعەکانەوەیە هەموو هەوڵی خۆی داوە کە وەك قەڵغانێ بۆ پاراستنی خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێ.